حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی

ئامادەکردنی

وەیسی ساڵح حەمەدەمین   عومەر عەلی شەریف

چاپی شەشەم   ٢٠١٥ز   ١٤٣٦ک   ٢٧١٥ کوردی

سەرپەرشتی زانستی: وەیسی سالح حەمەدەمین
عوبێد خدر فەتحوڵا
نەخشەسازی و سەرپەرشتیاری هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
بەرگ : زاگرۆس مەحمود عەرەب

جوگرافیایی
هەرێمی کوردستان- عێراق

نەخشەی هەرێمی کوردستان- عێراق

بەشی یەکەم

جوگرافیای سروشتی هەرێمی کوردستان

هەرێم: بریتییە لە رووبەرێکی زەوی بەچەند دیاردەیەکی جوگرافی لە هەرێمەکانی دەوروبەری جیادەکرێتەوە.



نەخشەی سروشتی هەرێمی کوردستان

دیاردە:

هەر شتێک لەسەر گۆی زەوی یا لە ناوەوەی بێت مرۆڤ هەستی پێبکات و کاریگەری لەسەریەوە دەرکەوێت پێی دەوترێت دیاردە.

دیاردە هەیە سروشتییە و هەشیانە مرۆییە، سروشتی وەک (پلەی گەرمی، با، پەستان، مرۆڤ، گیانداران، دەریا و زەریا وچیاودۆڵ.......هتد.

هەرچی دیاردەی مرۆیشە پەیوەندی بە چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە وەک (کێڵگە کشتوکاڵییەکان، ڕێگاوبان، شار و پێکهاتەکانی، کارگە، بەنداو کەناڵی ئاوی و بازرگانی و..هتد.

کوردستان:

ئەم زاراوەیە لە دوو برگە پێکدێت (کورد، ستان).

کورد: ناوی نەتەوەی کوردە، ئاری نەژادە. برگەی دووەم پاشگرەکەیەتی، وشەکە تەواو دەکات، مانای نیشتمانە، واتە نیشتمانی کوردان، یا بەو ناوچانە وتراوە کە کوردنشین بوون و ئێستاش کوردنشینن، واتە خاکی کوردان.

وێنەی چەند دیاردەی سروشتی لە کوردستان

شوێنی کوردستان

ئەو خاکەی ئێستا ئێمە لەسەری دەژین (کوردستانە) دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا ، رووبەری هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو بە زیاتر لە (٥٠٠٠٠٠)کم٢ دادەنرێت.



نەخشەی کوردستان

زانیاری :

کوردستان لە دوای پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ ، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان سەرپەرشتی دەکرد، بەسەر چوار وڵات دابەش کرا، بەشی رۆژهەڵاتی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی ئێران بوو وەک خۆی مایەوە،بەشی باکووری درایە وڵاتی تورکیا و بەشی باشووریش خرایە سەر عێراق و بەشێکی بچوکیشی لە باشوری رۆژئاوا خرایە سەر وڵاتی سوریا.

نەخشەی جیهان

زانیاری جیهان لە حەوت کیشوەر پێکدێت، بریتین لە(ئاسیا ، ئەفەریقیا ، ئەوروپا ، ئەمەریکای باکوور، ئەمەریکای باشوور، ئوسترالیا وکیشوەری ئەنتارکتکا (جەمسەری باشوور).

سنوری هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەشی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عێراق، بەرزاییەکانی حەمرین سنوری باشووری لە هەرێمەکانی تری عێراق جیا دەکاتەوە، لە **بەدرەوە** دەستپێدەکات تا دەربەندی فەتحە کە رووباری دیجلەی پێدا تێدەپەڕێت، لە وێوە لەگەڵ رووباری دیجلە هەڵدەکشێت تا دەگاتە شاری موسل، لە وێشەوە بەرەو رۆژئاوای قەزای **شەنگال** تاسنوری سوریا دەکشێت. لە باکوور تورکیا و لە خۆرهەڵات ئێران، لە باکووری خۆرئاوا وڵاتی سوریایە.



نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان

رووبەرو ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

رووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق نزیکەی (٨٠) هەزار کم٢ ، کەدەکاتە ١٨٪ سەرجەمی رووبەری عێراق. ژمارەی دانیشتوانی لە (٥)پێنج ملیۆن کەس زیاترە.

تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان

١. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی هەرێم کوردن، لەگەڵ کوردیش تورکمان، عەرەب، کلدو ئاشوری و ئەرمەنی دەژین.

٢. لە رووی ئاینییەوە زۆربەی دانیشتوانی هەرێم موسلمانن، بەڵام مەسیحی (کریستیان) و ئێزیدیشی تێدایە.

٣. خاکی کوردستان چیا و زورگ و دەشتی زۆری تێدایە، کە هەندێک لە چیاکان زۆر بەرزن.

٤. ئاووهەوای هەرێم لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق جیاوازە، بارانی زۆرترە و پلەی گەرمی نزمترە.

٥. سامانێکی ئاوی زۆری هەیە وەک رووبار و سەرچاوە و تاڤگەکان.

وێنەی چیای سەفین

وێنەی زێی گەورە

چالاكی:

ئێمە هەموومان (كورد و عەرەب وتوركمان و كلدۆئاشوری وئەرمەنی) پێكەوە دەژین. یەكترمان خۆشدەوێت، پێكەوە لەپێناو بەرژەوەندییەكانی نیشتمانی كوردستان كاردەكەین.

مامۆستای بەڕێز: لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە بابەتێك ڕێكبخە، لە تەبایی وپێكەوە ژیان بدوێ.

وێنەی پێكهاتەی دانیشتوانی كوردستان بەجلوبەرگی نەتەوەییانەوە

راهێنان:

قوتابی خۆشەویست بۆ ئەوەی زانیاریت لەسەر نیشتیمانەكەت زۆرتربێت:-

١. ناوی چەند ڕووبارێكی هەرێم بنووسە.

٢. ناوی چەند شاخێكی بەرزی كوردستان بنووسە.

٣. چەند دەشتێكی بەپیتو فراوانی كوردستان دەستنیشان بكە.

ڕاهێنان:

پ١:نیشانەی (√)بۆ ڕاستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١. کوردستان ئەو خاکەیە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

٢. خاکی کوردستان لە چیاو زورگ و دەشت پێکدێت.

٣. ئاووهەوای هەرێمی کوردستان هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراقە.

٤. لەگەڵ نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان نەتەوەی تریش هەن.

٥. کوردستان سامانی ئاوی زۆرە.

پ٢:سنوری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریدا دیاری بکە.

وێنەی چەند دیمەنێکی کوردستان

بەشی دووەم

ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی زەوییەوە دیاردەی هەمەجۆر لە بەرزی ونزمی لەخۆ دەگرێت.

یەکەم:ناوچەی شاخاوی

ڕووبەری ناوچەی شاخاوی ڕێژەی (٢٥٪) ڕووبەری هەرێم پێکدەهێنێت، بەرزایی چیاکانی ناوچەی شاخاوی لە نێوانی (١٥٠٠-٣٦٠٠)م بەرزترە. بەسەر دوو زنجیرە چیادا دابەش دەکرێن.



نەخشەی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان - عێراق

أ-زنجيرە چیای باکوور (شاخە بەرزەکان):

لوتکەی هەڵگورد

بەدرێژایی سنوری هەرێم لەگەڵ وڵاتانی تورکیاو ئێران درێژ دەبێتەوە، گرنگترین چیای ئەم زنجیرەیە بریتین لە (ئاشینە، شەرانش، زۆزان، مەتین، شیرین، حەساری رۆستێ، قەندیل و هەورامان... هتد.

بەرزترین لوتکەی ئەم زنجیرەیە (لوتکەی هەڵگوردە دەکەوێتە چیای حەساری رۆستێ، بەرزییەکەی ٣٦٠٧مەترە).

ب. زنجیرە چیای باشوور (شاخە نزمەکان):

چیایی خانزاد

ئەم زنجیرەیە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای زنجیرە چیای باکوور، بەرزاییان لە زنجیرەی باکوور کەمترە، گرنگترین چیاکانی ئەم زنجیرەیە بریتین لە (چیای بێخێر، سپی، ئاکرێ، سەفین، هەیبەت سولتان، بەمۆ، گڵەزەرد و قەرەداغ...هتد).

چیا نزمەکان (باواجی)

راهێنان:

١. ناوی هەندێک چیای زنجیرەی باکوور(شاخە بەرزەکان) بنووسە.
٢. پێکهاتەکانی رووی زەوی هەرێمی کوردستان چەند بەشێکن، ناوی دووانیان بژمێرە.
٣. بەرزترین لوتکە چیا لە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە کوێ؟بەرزییەکەی چەندە؟

گرنگی ناوچەی شاخاوی

١. ساڵانە بەفرو بارانی زۆری لێدەبارێت، دەبێتە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی.

٢. بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی و فێنکی ئاووهەواکەی لە هاویندا بۆتە شوێنی گەشتو گوزار و هاوینەهەوار.

٣. زۆری رووەکی خۆڕسک و گژوگیا وای کردوە ببێتە لەوەڕگا بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات.

٤. بەسامانی کانزا سروشتییە جۆراو جۆرەکان دەوڵەمەندە، بەتایبەتی نەوت کە لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی(تاوکی)زاخۆ دۆزرایەوە.

٥. ناوچەیەکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی.

دووەم:ناوچەی زوورگ (ناوچەی بان و گرد)

رووبەری ئەم ناوچەیە ڕێژەی (٧٥٪)ی رووبــەری هــەرێــمی کــوردســتــان پێکدەهێنێت.دەکەوێتە باشوورو باشووری خۆرئاوای ناوچەی شاخاوی. بێجگە لە زوورگ ئەم ناوچەیە چەند بەرزاییەکی تێدایە، بەناوبانگترینیان بەرزاییەکانی (حەمرین، مەکحول، شەنگال، مەقلوب و کانی دووملان.....هتد).

گرنگی ناوچەی زوورگ

١. سامانێکی زۆری نەوتی تێدایە بەتایبەتی ناوچەکانی (کەرکوک، نەینەوا، هەولێر وگەرمیان).

٢. بەهۆی بوونی چەندین دەشتی بەپیتی فراوان وەک (دەشتی حەمرین، دەشتی سلێڤانی، دەشتی هەولێر و دەشتی شەنگال)بەناوچەیەکی گرنگی چاندنی دانەوێلە (گەنم و جۆ)دادەنرێت.

٣. لەبەر زۆری گژوگیا بۆتە لەوەڕگایەکی فراوان بۆ بەخێوکردنی مەڕومالآت.

ڕاهێنان:

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە:-

١. بەناوبانگترین بەرزاییەکانی ناوچەی زوورگ بریتین لە........و..............

٢. زۆرترین چاڵە نەوتییەکانی کوردستان دەکەوێتە..........و.......و.........

٣. مەڕوماڵات لەناوچەی............... بەخێودەکرێت.

٤. گژوگیا سامانێکی گرنگە بۆ بەخێوکردنی............ لەناوچەی زوورگ.

٥. ناوچەی زوورگ چەندین دەشتی گەورەی تێدایە وەکو....، ....، ....

چالاکی

مامۆستای بەڕێز: ئەم پشکنین وگەڕانەی کە ئێستا لە هەرێم دەکرێت بۆ دۆزینەوەی سامانی نەوت لە کوردستان بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەرەوە.

ناوی چەند کێڵگەیەکی نەوتی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵی (هەرێمی کوردستان) وەبەرهێندراون. بۆ قوتابییەکان بخەڕوو.

بەشی سێیەم
ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان

ئاو و هەوای هەرێم بەگشتی لەزستاندا ساردە و باراناوییە و بەهاوینیش گەرم و ووشکە، ماوەی هەردوو وەرزی زستان و هاوین درێژە. پلەی گەرمی لە بەهار و پایزدا مامناوەندییە.

ئاو و هەوا لە وەرزی زستاندا:

زستانی کوردستان ساردە و باران و بەفر بارینی زۆرە، بەڵام هەندێ ساڵ گۆڕانی بەسەردا دێت، شەو درێژە و ڕۆژیش کورتە، پلەی گەرمی لەم وەرزەدا نزم دەبێتەوە، لە ناوەڕاستی وەرزەکە دەگاتە پلەی بەستن.

زانیاری

باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی ئەیلول دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی مایس. زۆرترین ڕێژەی باران بارین لە مانگەکانی کانونی یەکەم و دووەمی هەموو ساڵێ دەبارێت، لە ناوچە شاخاوییەکانیشدا بەفر دەبارێت، کە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی.

ئاووهەوای هەرێمی کوردستان لەوەرزی هاویندا:

هاوینی هەرێمی کوردستان پلەی گەرمی بەرزە و ووشکەو(بێ بارانە) ڕۆژ درێژە و شەویش کورتە، پێچەوانەی وەرزی زستانە. بەڵام ناوچە شاخاوییەکان بەگشتی فێنکە، بەتایبەتی (کوێستانەکان)، بۆیە ئەم ناوچانە بوونەتە هاوینە هەوار، هەرچی بەشەکانی باشووری هەرێمە (گەرمیان و گەرمەسێر) لەهاویندا گەرمە.

ڕاهێنان:

نیشانەی (√) ڕاست بۆ دەستەواژە ڕاستەکان و (x) چەوت بۆ چەوتەکان دابنێ.

١. سەرەتای دەستپێکردنی باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە مانگی مایس دەستپێدەکات.

٢. لە هاویناندا شەو درێژە و ڕۆژ کورتە.

٣. ئاووهەوای هەرێم لە زستاناندا ساردە و باراناوییە، لە هاوینانیشدا گەرم و ووشکە.

٤. باران هەموو ساڵێک وەک یەک دەبارێت.

چالاکی

باران بارین هەموو ساڵێک وەک یەک نابارێت کەمی و زۆری تێدەکەوێت، کاریگەری زۆر دەکاتە سەر کەم و زۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو.

مامۆستای بەڕێز:-

ئەم دەستەواژەیە بۆ قوتابییەکان ڕونبکەرەوە و گفتوگۆی لەسەر بکە.

هاوینە هەوار:

ئەوشوێنانەن کە هاوولاتیان بۆ خۆ رزگارکردن و حەسانەوە لە گەرمای هاویندا سەردانی دەکەن وەک (دوکان، بێخاڵ و سۆلاف).

هەرێمەکانی ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان

ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١. هەرێمی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست: ئەم هەرێمە زستانی ساردە و بە باران و بەفرە و هاوینیشی فێنکە. ئەم هەرێمە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

٢. هەرێمی ئاو و هەوای گەرمەسێر: ئەم هەرێمە دەشتایی و زوورگەکان دەگرێتەوە، زستانی مامناوەندی و بارانیشی کەمترە لە هەرێمی دەریای ناوەڕاست، هاوینیشی ووشک و گەرمە. لەم هەرێمەدا کورتە گیای لێدەڕوێت. بۆیە پێی دەوترێت (هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر) چونکە زستان زۆر ساردنییە و هاوینی زۆر گەرمە.

دەریاچەی دوکان

بێخاڵ

سۆلاف

زانیاری

ئاو و هەوای هەرێمی دەریای ناوەڕاست: زاراوەیەکە بەو ناوچانە دەوترێت کە جۆری باران بارین و پلەی گەرمی و بایەکانی لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری دەریای ناوەڕاست دەکات.

دەریای ناوەڕاست (دەریاێکە دەکەوێتە نێوان هەرسێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریقیا وئەوروپا).

راهێنان:

ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١. باران لە هەرێمی کوردستان لەوەرزی..................نابارێت.

٢. لە وەرزی زستاندا پلەی گەرمی...........

٣. هاوینانی هەرێمی کوردستان شەوی...... و ڕۆژی...........

٤. ئاووهەوای هەرێمی گەرمەسێر زستانی.........وهاوینی.........

چالاکی

باران بارین لە ناوچە شاخاوییەکان زۆرتر دەبارێت نەک لە ناوچە دەشتاییەکان.

مامۆستای بەڕێز:

هۆی جیاوازی ڕێژەی باران بارین لەم دوو ناوچەیە بۆ قوتابیان روونبکەرەوە.

زانیاری

ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بریتین لە:

پلەی گەرمی، شێ (باران، بەفر، تەزرە، هەور، هەڵم، شەونم و زوقم)پەستان و بایەکان.

بەشی چوارەم
ڕووەکی خۆڕسک

ڕووەکی خۆڕسک:. ئەو ڕووەکانە دەگرێتەوە کە لە خۆیانەوە بەبێ دەسکاریکردنی مرۆڤ دەڕوێن بەڵام کارلێکردنی نێوان ئاووهەوا و ڕووی زەوی و خاک دەبێتە جیاوازی پەیداکردن لە دابەشبوونی هەرێمەکانی ڕووەکی خۆڕسک.بۆیە هەرێمەکانی ڕووەکی خۆڕسک لە (هەرێمی کوردستان) بەسەر دوو ناوچە دابەش دەبێت.

١. هەرێمی ڕووەکی خۆڕسکی ناوچەی شاخاوی: ئەم ڕووەکانە لە بەشی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان (ناوچەی شاخاوی)دەڕوێن.ڕووەکەکان لە شێوەی دارستانی چڕ دیاردەکەون.ڕووەکەکانیش وەکو (داربەڕو، سنەوبەر، چنار، گوێز، گێوژ، مازوو، دارەبەن وسماق..تد)داری بەڕووش لە هەموو دارەکانی تر زۆرتر بەرچاو دەکەون.

٢.هەرێمی کورتەگیای خۆڕسک:. ئەم ڕووەکانە لە جۆری کورتە گیا لە ناوچەی زوورگ و دەشتەکان بە دیاردەکەون، بەتایبەتی دوای باران بارین لە کۆتایی وەرزی زستان سەرەتای وەرزی بەهار.

زانیاری:ـــ

هۆی کەمبوونەوەی دارستانەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆ:

١. دەستی تێکدەرانە و سیاسەتی ڕژێمە شەڕخوازەکانی پێشوی عێراق کاریگەری زۆری هەبووە بۆ لە ناوبردنی سامانی ڕووەکی خۆڕسک، بۆیە تا ئێستا ئەم سامانە گرنگە نەیتوانیوە زیانەکان قەرەبۆ بکاتەوە.

٢. کەم و زۆری ڕێژەی دابارین کە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ڕووەکی خۆڕسک.

٣. بڕینی لە ڕادەبەدەری دارو درەختەکان لە لایەن دانیشتوانەوە.

گرنگی ڕووەکی خۆرسک:

١. خاک لە ڕووتانەوەو ڕامالّین دەپارێزێت.
٢. وەک سوتەمەنی بەکاردەهێنرێت، بۆ خۆ گەرمکردنەوە و چێشت لێنان.
٣. سوود لە (بەری) هەندێکیان وەردەگیرێت چ بۆ خواردن یا بۆ دروستکردنی دەرمان.
٤. بۆ دروستکردنی کەلوپەلی ناومالّ بەکاردەهێنرێت.
٥. دیمەنێکی سروشتی جوان بەژینگەی هەرێم دەبەخشێت.
٦. سوودی پزیشکی هەیە وەک بەرهەمهێنانی داو دەرمان.

چالاکی:

کاتێ دەچین بۆ سەیران پێویستە پارێزگاری لە دارستانەکان بکەین ولقی دارەکان نەشکێنین ویاریان پێنەکەین، ئاگریان لە ژێر نەکەینەوە، چونکە دارستانەکان سامانی نیشتمانی و هۆکاری سەرەکی جوانکردن و پاک ڕاگرتنی ژینگەی کوردستانن.

ڕاهێنان:

١.لە داری دارستانەکان چ جۆرە کەل و پەلێکی ناومالّ دروستدەکرێت.
٢.ناوی بەری سێ ڕووەک بلّێ کە بخورێت.
٣.کە چوویت بۆ سەیران چۆن پارێزگاری لە درەختەکان دەکەیت.
٤.هەندێ لە ڕووەکەکانی کوردستان هەردەم سەوزن، ناوی دووانیان بنووسە.

بەشی پێنجەم

سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان

كوردستان لە رووی سەرچاوەكانی ئاو دەوڵەمەندە، بەهۆی هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی هەرێم و بەرزی ونزمی خاكەكەی.

سەرچاوەكانی ئاوی كوردستان بەسەر سێ شێوە دابەشدەكرێت:

١.باران و بەفر ٢.ئاوی سەر رووی زەوی ٣.ئاوی ژێر زەوی

١.باران و بەفر:

باران و بەفر بەسەرچاوەی سەرەكی سامانە ئاوییەكان دادەنرێت وەک (رووبار و دەریاچە و كانیاو).چونكە لە كوردستان ساڵانە لە وەرزی زستاندا باران و بەفرێكی زۆر دەبارین، لە وەرزی پایز و بەهاریش باران دەبارێت.

راهێنان:

سوودەكانی باران بارین و بەفر چییە؟

بۆ(مرۆڤ، ئاژەڵ، كشتوكاڵ، زەوی، ئاوی رووبار و چەم و بیر و كانیاو).

٢.ئاوی سەر رووی زەوی:ـ

رووباری خابوور(زاخۆ)

كوردستان بە ئاوی سەر رووی زەوی دەوڵەمەندە، چونكە رووباری دیجلە بە هەرێمی كوردستاندا تێدەپەرێت، هەر پێنج لقەكانی دەرژێتە سەر وەک(زێی خاپور، زێی گەورە، زێی بچوک، زێی رۆخانە (عوزێم)وزێی سیروان (دیالە)، جگە لە گەڵێک سەرچاوەی كانیاو لە ناوچە جیاجیاكانی هەرێمی كوردستان.

٣.ئاوی ژێرزەوی: بریتیە لە ئاوی ئەو باران و بەفرە تواوەی کە بەناخی زەویدا دەچێتە خوارەوە لە چینەکانی ژێرزەوی گلدەخواتەوە و کۆدەبێتەوە.بە دوو ڕێگا دێتەوە سەر زەوی، بەشێوەی سروشتی وەک (کانیاو سەرچاوەکان) یا بەهۆی دەسکاری مرۆڤەوە وەک (بیرو کارێز).

نەخشەی سەرچاوە ئاوییەکان

زانیاری:-

کەمی باران و بەفر بارین لە ناوچەی شاخاوی کاریگەری زۆری لەسەر ئاوی ژێرزەوی هەیە، چونکە ئەو درز و قلیشانەی ڕووی زەوی هەرێم ئاوێکی زۆر بەناو ناخیدا دەچێتە خوارەوە، سامانی ئاوی ژێرزەوی پێکدەهێنێت.

پرۆژە گرنگەکانی دەست بەسەرداگرتن و ئاوگلدانەوە لە هەرێمی کوردستان:

١.بەنداوی دوکان:ـ لەسەر زێی بچوک دروستکراوە لە پارێزگای سلێمانی.توانای گلدانەوەی (٦,٨)ملیار م٣ ئاوی هەیە.

٢.بەنداوی دەربەندیخان:ـ لەسەر زێی سیروان (دیالە) دروستکراوە.توانای گلدانەوەی (٣)ملیار م٣ ئاوی هەیە.

بەنداوی دوکان

٣.بەنداوی حەمرین:ـ لەسەر زێی سیروان (دیالە) لە پارێزگای دیالە دروستکراوە.توانای گلدانەوەی (٢,٥-٣,٢)ملیار م٣ ئاوی هەیە.

٤.بەربەستی دوبز: لەسەر زێی بچوک لە پارێزگای کەرکوک دامەزراوە.بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی زێی بچوکە تا بە ئاسانی ئاو بگاتە جۆگەکانی ژوور بەربەستەکە کە لەمبەر و لەو بەری ڕووبارەکە لێدراون بۆ ئاودێری.

٥. بەنداوی ئاسکی موسل:لەسەر زێی دیجلە لە پارێزگای نەینەوا دروستکراوە.توانای گلدانەوەی (٨,٧)ملیار م٣ ئاوی هەیە.

سوودەکانی بەنداو:ـ

١. بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا.

٢. بۆ گەشتوگوزار و سەیران.

٣. بۆ دوورخستنەوەی شارەکان لە مەترسی لافاو.

٤. بۆ گلدانەوەی ئاو و بەکارهێنانی لە ئاودێری کشتوکاڵ.

٥. بۆ بەخێوکردنی سامانی ماسی.

راهێنان:

پ١: نیشانەی (√) بۆ ڕاستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١. کوردستان سەرچاوەی ئاوی سەر رووی زەوی کەمە.

٢. بەنداوی دوکان لەسەر زێی گەورە دروستکراوە.

٣. دروستکردنی بەنداو تەنها بۆمەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە.

٤. زێی ڕۆخانە لە ناو هەرێمی کوردستان هەڵدەقوڵێ.

پ٢:ـ ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١. بەربەستی دووبز لەسەر زێی.......... دروستکراوە.

٢. باران گرنگی زۆری هەیە بۆ................لە وەرزی زستاندا.

٣. بەنداوی............... لەسەر رووباری دیجلە دروستکراوە.

٤. سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوی وسەرزەوی لە............ پەیدا دەبێت.

چالاکـــی:ـ

لە کاتی باران بارین لە وەرزی زستاندا شارەکەت دووچاری چ گرفتێک دێت ؟.

بۆ پاراستنی ژینگەکەت هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێکانت کەم وکوڕیەکان و گرفتەکان دیاری بکەن، ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزنەوە.

بەشی شەشەم

جوگرافیای مرۆیی

دانیشتوانی هەرێم و شارە گرنگەکانی

دانیشتوان:ـ

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە پێنج ملیۆن کەسە، لە شار وشارۆچکەو گوندی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک وبەشێک لە پارێزگای موسل ودیالە) نیشتەجێبوون.

دانیشتوانی شارەکان بەکار و پیشەی جۆراوجۆر وەک (بازرگانی، پیشەسازی، کاری دەستی، جگە لە کارکردن لە دامو دەزگاکانی میری)خەریکن.

شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان

هەولێر:ـ

شارێکی مێژوویی بەناوبانگە و پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دانیشتوانی لە ملیۆنێک کەس زیاترە. کەوتۆتە دەشتێکی فراوان و ناوەندی کارگێری و دامودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە بازرگانی و پیشەسازی و بەروبوومی کشتوکاڵی وەک (گەنم وجۆ وبەخێوکردنی مەڕومالات) بەناوبانگە.لەم ساڵانەی دوایش نەوتێکی زۆری لێدۆزراوەتەوە کە پێگەی ئابووری هەولێر و کوردستانی گرنگ کردووە.گەلێ شوێنەواری مێژووی تێدایە وەک قەڵاو منارەو گردی قالیچ ئاغا.

سلێمانی:ـ

شارێکی گرنگی کوردستانە، دەکەوێتە بەشی خۆرهەلاتی هەرێم، ژمارەی دانیشوانەکەی نزیکەی ملیۆنە کەسێکە. مەلبەندێکی گرنگی بازرگانی و کشتوکالی وپیشەسازی و رۆشنبیری و کارگێرییە. بەکانزای هەمەجۆر بەناوبانگە و چەندین کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆی لێدامەزراوە وەکو (کارگەی چیمەنتۆی بازیان و تاسلوجە). بە چەندین دەشتی بە پیت بەناو بانگە وەکو دەشتی شارەزوور و رانیە کە بە بەرهەمهێنانی دانەوێلە و گولەبەرۆژە و میوەی جۆراو جۆر بەناوبانگن. ئێستاش بە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

کەرکوک:ـ

شارێکی دێرینە و مەلبەندێکی ئابووری زۆرگرنگە، دەولەمەندترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتییە لە کوردستان وعێراق، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشوری تێدا دەژیت.دەشتی کەرکوک دەکەوێتە ئەم پارێزگایە کە دەشتێکی فراوان و بەپیتە بە بەرهەمهێنانی گەنم وجۆ ولۆکە بەناوبانگە.

دهۆک:ـ

شارێکی گرنگ وشوێنی جوگرافیای لەباری هەیە، لەبەرئەوەی لەسنوری تورکیا نزیکە بۆتە دەروازەی هەرێم وعێراق بۆبازرگانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی دەرەوە.بەناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ دادەنرێت کە ساڵانە گەشتیاران رووی تێدەکەن.لەرووی کشتوکاڵیشەوە بە بەرهەمهێنانی میوەی هەمەجۆر بەناوبانگە.

دهۆک

دهۆک

زانیاری:-

حکومەتی هەرێم بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ پێشینەی دارای دەدات بە گوندنشینەکان.

راهێنان:

پ١: نیشانەی (√)بۆ راستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی داوە.

٢.شاری کەرکوک بەکانزای نەوت بەناوبانگە.

٣.لەسەردەمی رژێمی بەعس زۆربەی هەرە زۆری گوندەکان بەرهێرشی تێکدەرانە کەوتن.

٤.شارەکانی کوردستان بازاڕی کڕین و فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی خۆماڵییە.

پ٢:ـئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە...

١............ پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

٢.شاری کەرکوک بە............دەوڵەمەندە.

٣.دهۆک کەوتۆتە نزیک سنووری...............

٤.هەڵەبجە دەکەوێتە پارێزگای............ وبەرهێرشی کیمیا باران کەوتووە، کەلەلایەن رژێمی پێشوی عێراق دژی گەلی کورد بەکارهێنرا.

نەخشەی كارگێڕی عێراق

چالاكی:ـ

ئەم شارانە بخە سەرنەخشەی عێراق:
(سلێمانی، كەركوك، هەولێر، دهۆك، دیالە، موسل).

زانیاری:ـ

لەدوای راپەڕینە مەزنەكەی گەلی كوردستان لە ساڵی ١٩٩١ هەرێمی كوردستان ئاوەدانكردنەوەو گەشەكردنی زۆری بەخۆوەبینیوە لە دروستكردنی رێگاوبان و پرد و باڵەخانەو تەلارو دەزگاكانی خوێندن و نەخۆشخانەو ئاوەدانكردنەوەی دێهاتەكان.

چالاکییە ئابوورییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

یەکەم/کشتوکاڵ:

بە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لە دێر زەمانەوە پێیەوە خەریکبوونە، کوردستان مەڵبەندی دەرکەوتنی پیشەی کشتوکاڵی و مرۆڤی لێ نیشتەجێبووە، ئاووهەواکەی گونجاوە و خاکی بەپیتی زۆرە، (گوندی چەرمۆ) یەکێکە لە دیاردە هەرە زەقەکان کە تا ئێستا شوێنەواری ماوە، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوک هەر لێرەوەش ئەم پیشەیە بەناو جیهاندا بڵاوبۆتەوە.

کشتوکاڵ ئەم بەشانەی خوارەوە دەگرێتەوە:ـ

١.بەروبوومی رووەکی:

ئاو و هەوای کوردستان و بەرزی و نزمی و جۆری خاکەکەی و زۆری ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و شارەزایی مرۆڤی کورد، هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی هەمەچەشنەی بەروبووم بووە لە هەرێمی کوردستان.

گرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵییەکان ئەمانەن:ـ

١. دانەوێڵە:

أ.گەنم / بەروبوومێکی زستانەیە لە کۆتایی وەرزی پایز دەچێنرێت، وەرزی دروێنەش لە کۆتایی مانگی ئایار و سەرەتای مانگی حوزەیران دەستپێدەکات.

چاندنی گەنم وجۆ بەشێوەی (دێمی)واتە پشت بەباران دەبەستێت لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، زۆری وکەمی دابارین کاریگەری لەسەر رێژەی داهاتی بەروبووم هەیە. لە ساڵەکانی(٢٠٠٦-٢٠١٢)زیانێکی زۆر بەر جوتیاران کەوت لە ئەنجامی وشکەساڵی کە بەشێوەیەکی ترسناک هەرێمی گرتۆتەوە.

لە هەرێمی کوردستان چەندەها جۆر گەنم دەچێندرێت وەک (قەندەهاری، رەشگوڵ، گوڵ رووت، مەکسیپاک، بەهارە..تد)

ب.جـۆ/ هەمیشە گەنم وجۆ پێکەوە ناودەبرێن، بەروبوومێکی زستانەیە وەک گەنم لە کۆتایی وەرزی پایز دەچێنرێت و لە کۆتایی وەرزی بەهار دروێنە دەکرێت.ئەو جیاوازییەی کە جۆ

لەگەڵ گەنم هەیەتی، جۆ بەرگەی کەمبارانی دەگرێت و لە خاکی کەم پیت و سوێریش گەشەدەکات، خۆراک و ئالیکی ئاژەڵە، دەچێتە ناو هەندێک پیشەسازی.

گەنم

دروێنە

ڕاهێنان:

پ١:ـ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە.

١.سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی ڕۆژانەمان چییە ؟

٢.سوودەکانی گەنم و جۆ چییە؟

٣.ئالیکی ئاژەڵ پشت بەچی دەبەستێت ؟

پ٢:ـ ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە...

١. گەنم و جۆ بەروبوومی........لە کۆتایی وەرزی.......دەچێنرێت و لە کۆتایی وەرزی......... دروێنە دەکرێت.

٢. چەندین جۆر گەنم هەیە وەک...........و.........و...........

٣. جۆ بەخۆراکی سەرەکی........................دادەنرێت.

زانیاری:ـ

هەرێمی کوردستان چەندین دەشت لە خۆ دەگرێت وەک (دەشتی حەمرین، شارەزوور، دەشتی هەولێر، بیتوێن، سندی....تد

ج.چەڵتوک (برنج)/بەروبوومێکی هاوینەیە پێویستی بە پلەی گەرمی بەرز و ئاوی زۆر هەیە.بە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنرێت.مەرەزەکردن لە هەرێمی کوردستان لە بازیان وئاکرێ و هەریرو چەندین جێگای تر دەکرێت.

د.گەنمەشامی / بەروبوومێکی هاوینەیە، دووجۆری هەیە (سپی و زەرد)لە زۆربەی پارێزگاکانی هەرێم بەرێگای ئاودێری دەچێنرێت، وەک ئالیکی پەلەوەر و ئاژەڵ بەکار دەهێنرێت ودەچێتە هەندێ پیشەسازییەوە، بەتایبەتی پیشەسازی رۆن.

کێڵگەی گەنمەشامی

راهێنان:

١.گەنمە شامی دووجۆری هەیە...........و...............

٢.برنج (چەڵتوک)پێویستی بە........زۆر هەیە.

٣.ناوچەکانی مەرەزەکردن(چاندنی برنج) لە هەرێمی کوردستان زۆرن وەک (........و........).

٤.ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوەر بە زۆری لە.............و........... دروستدەکرێت.

گەنمە شامی

برنج

٢. سەوزە و میوە:ـ

أ.سەوزە / لە گرنگی دا لەدوای دانەوێلە دێت، بە خۆراکی سەرەکی مرۆڤ دادەنرێت، کە رۆژانە لەسەر خوانی نانخواردن دادەنرێت.

سەوزە دووجۆری هەیە:ـ



١.سەوزەی هاوینە / ئەو بەروبوومانە دەگرێتەوە کە لە وەرزی هاویندا پێدەگەن، وەک(تەماتە، بامیە، خەیار (ئاروو)، شوتی، کاڵەک..تد.

بەڵام لەکاتی ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی زانستی هەندێک بەروبووم لە هەموو وەرزەکانی ساڵ لە خانووی پلاستیکیدا بەرهەم دەهێنرێت وەک تەماتە، خەیار، بیبەر، باینجان ...هتد.

٢.سەوزەی زستانە / ئەم جۆرە بەروبوومانە لەوەرزی زستاندا پێدەگەن، وەک (شێلم چەوەندەر، کەلەرم، قەرنابیت، و توور وسلق و.......تد.

ب.میـــــوە / کوردستان هەر لەکۆنەوە بەمیوە بەناوبانگ بووە، لە میوە بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە (ترێ، سێو، هەنجیر، هەنار، هەرمێ، هەڵوژە، گوێز و باوی.....تد.) میوەی کوردستان بە زۆری لە وەرزی هاوین پێدەگات.

مزرەمەنیش لەکوردستان دەچینرێت بەتایبەتی لەپێدەشتەکانی گەرمەسێر لە شارەکانی (خانەقین و مندلی)وەک (پرتەقاڵ، لیمۆ، نارنج وترنج......تد.

چالاکی:ـ

لە وەرزی زستاندا بەروبوومی هاوینە لە بازارەکان دەست دەکەوێت.

مامۆستای بەڕێز: هۆی ئەم گۆڕانە و سوودی خانووی پلاستیکی لەکشتوکاڵ کردن بۆ قوتابییەکان روونبکەرەوە.

٣.ئەو بەروبوومانەی کە دەچنە پیشەسازییەوە.

هەندێک بەروبوومی کشتوکاڵی هەیە مرۆڤ ناتوانێ یەکسەر سوودیان لێوەربگرێت.بەڵکو پاش ئەوەی دەچێتە پیشەسازییەوە، ئینجا سوودبەخش دەبێت.وەکو ئەم بەروبوومانەی خوارەوە:ـ

زانیاری:.

لەم سەردەمەی ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازی زۆربەی هەرەزۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەدانەوێڵەشەوە دەچێتە بواری پیشەسازی خۆراک و لە قووتووبەندکردن.

زانیاری:ـ

لەساڵەکانی(٢٠٠٠)ی زاینی بەدواوە کشتوکاڵی توتن لە هەرێم رۆڵی ئابووری گرنگی نەماوە، چونکە کارگەکانی دروستکردنی جگەرە گرتینی بەرهەمهێنانیان کەمبۆتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەربەرەکانی بازاڕی جیهانی جگەرە بکات. بازرگانی ناردنە دەرەوەش ئاسانکاری پێویستی بۆناکرێت.

ا.لۆکە:ـ

بەروبوومێکی هاوینەیە، گرنگی هەمەجۆری هەیە، لە پیشەسازی رستن و چنیندا بەکاردەهێندرێت، دەنکەکەشی دەگوشرێت رۆنی لێدەردەهێنرێت، قەد و گەڵاکەشی بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت. پارێزگای کەرکوک بە بەرهەمهێنانی لۆکە بەناوبانگە.

زانیاری:ـ

باشترین جۆری لۆکە: لۆکەی سپی و تیلەی درێژە، لە ناوچە گەرمەکان دەچێنرێت.

ب.گوڵەبەڕۆژە:ـ

بەرهەمێکی هاوینەیە، بە زۆری لە دەشتەکانی بیتوێن و پشدەر و ناوچە جیاجیاکانی تری هەرێمی کوردستان دەچێنرێت. گرنگی گوڵە بەڕۆژە لە پیشەسازی رۆنی رووەکدا بەکاردەهێنرێت و پاشماوەکەشی بۆ ئالیکی ئاژەڵ سوودی لێوەردەگیرێت.

زانیاری:ـ

گوڵەبەرۆژە:زۆربەی بەرهەمەکەی بۆ دەرەوەی هەرێم دەنێردرێت، چونکە کارگەی دروستکردنی رۆن لەهەرێمی کوردستان نییە، بەشێکی لە ناوخۆ بەکار دەبردرێت.

ج. کونجـــی:ـ

ئەمەش بەروبوومێکی هاوینەیە، بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت (بۆ خواردن و دروستکردنی شیرینی و دەرهێنانی رۆن....تد).

٤.بەروبوومەکانی ئالیک:ـ

وێنجە و سێپەرە ئالیکی سەوزن ئاژەڵ، بە وشک کراوەیش دەدرێتە ئاژەڵ، لە ناوچە بەراوەکان دەچێنرێت، بەتایبەتی لە دەوروبەری شارەکان.بێجگە لەمانە (جۆ)ش وەک ئالیک بۆ ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت.

ئالیکی سروشتی

٢ - سامانی ئاژەڵ

ئەو ئاژەڵانەی لە هەرێمی کوردستان بەخێودەکرێن:

١. مەڕ /لە ئاژەڵە گرنگەکانی هەرێمی کوردستانە، مەڕی کوردی بەڕەنگی سپی وخوری درێژ و زبر ناسراوە، سوود لە شیرەکەی وەردەگیرێت و دەکرێتە چەندین جۆر بەرهەم وەک (ماست، پەنیر..تد)سوود لەگۆشت و خوریەکەی وەردەگیرێت.

دەشتەکانی هەولێر و حەمرین وناوچەکانی سلێمانی و دهۆک بۆ بەخێوکردنی مەڕ بەناوبانگن.

٢.بزن:-

ئاژەڵێکە دەتوانێت لە دەشت وشاخ ولەوەڕگای کەم گیا بژیت.چونکە توانای جوولەی خێرای هەیە و خۆراکی خۆی پەیدادەکات، بەرگەی نەخۆشی دەگرێت، سوود لە شیر و گۆشت و مووەکەی وەردەگیرێت.

٣.مانگا (ڕەشەوڵاخ):-

مانگا لەو ئاژەڵانەیە سوود لە شیر وگۆشت و پیستەکەی وەردەگیرێت. هەرێمی کوردستان شوێنێکی لەباری هەیە بۆ بەخێوکردنی مانگا، بەتایبەتی لە دەشت و دۆڵی ناوچە شاخاوییەکان، چونکە گژوگیای درێژ و پری زۆرە.

راهێنان:

پ١:ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١.جۆ سوودی زۆری هەیە بۆ...........و..............بەکاردێت.

٢.گەنمەشامی لە ڕووی کاتی چاندنییەوە بەروبوومێکی...........

٣.پارێزگای.........بە پلەی یەکەم دێت لە چاندنی توتن.

٤.ئاژەڵی...........دەتوانێت لە دەشت و شاخدا بژیت.

٥.مەڕ ئاژەڵێکی سوودمەندە، سوود لە......و............. وەردەگرێت.

٦.کونجی لە پیشەسازی دەرهێنانی..........و..........بەشداری دەکات.

پ٢:نیشانەی (√)بۆ ڕاستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

.

١.کشتوکاڵ یەکەم جار لە کوردستان پەیدابووە.

٢.گوڵە بەڕۆژە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم دەچێنرێت.

٣.توتن بۆ دروستکردنی جگەرە بەکار دێت.

٤.لۆکە لە پیشەسازی رستن وچنیندا بەشداری دەکات.

٥.گژوگیای (وێنجە و سێپەڕە)بە ووشک کراوەیش دەدرێنە ئاژەڵ.

٦.مانگا لە بلاوترین ئاژەڵەکانی هەرێمی کوردستانە.

٧. برنج بەروبوومێکی زستانەیە.

دووەم - دەرامەتی کانزا و پیشەسازی لەهەرێمی کوردستان

١. سامانی کانزا:هەرێمی کوردستان لە رووی بوونی دەرامەتی کانزاوە دەوڵەمەندە وگەلێک جۆرە کانزای تێدایە. هەندێکیان سوودیان لێوەرگیراوە و ئێستا بەکاردەهێنرێن، هەندێکی تر سوودیان لێوەرنەگیراوە، چونکە تاوەکو ئێستا دەرنەهێنراون.

گرنگترین سامانە کانزاییەکانی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

أ.نەوت /هەر لە زووەوە لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە و ناسیویانە، لە ساڵی (١٩٢٧ز) لە باباگورگوری شاری کەرکوک دەست بەدەرهێنانی کراوە بۆ مەبەستی بازرگانی(ناردنە دەرەوە).

کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم بریتین لە:

١.کێڵگەکانی (بابەگورگور، بای حەسەن، چەمەبۆر)لە پارێزگای کەرکوک.

٢.کێڵگەکانی (عێن زالە، بەتمە)لە پارێزگای نەینەوا.

٣.کێڵگەی نەوتی (نەوت خانە) لە خانەقین.

٤.کێڵگەکانی نەوتی (شیواشۆک) لە تەقتەق، لە پارێزگای هەولێر.

٥.کێڵگەی نەوتی (تاوکێ)لە زاخۆ، لە پارێزگای دهۆک.



نەخشەی نەوت وسامانە سروشتییەکان

زانیاری:-

وێنەی وێستگەی کارەبای پیرداود(هەولێر)

لە سەردەمی حکومەتی هەرێم پشکنین وگەڕان بەردەوامە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت، لە هەرێم توانراوە نەوت لە کێڵگەکانی (شیواشۆک لە تەقتەق) و (تاوکی لە زاخۆ) دەربهێنرێت. لە١-٦-٢٠٠٩دەستکرا بە ناردنە دەرەوەی نەوت لە ڕێگای بۆڕی هەناردەی نەوتی عێراق. بێجگە لە دروستکردنی چەندین پاڵاوگەی نەوت لە (بازیان، خەبات) کە ئێستا دەتوانێت بەشێک لە پێویستی سوتەمەنی هەرێم دابین بکات.

ب.گازی سروشتی:

لەناوچە نەوتییەکان هەیە و لەگەڵ نەوت دەردەهێنرێت.ئەمە جگە کە لە هەندێ چاڵگەی تایبەت بەگازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

زانیاری:-

١- پرۆژەی ناردنە دەرەوەی گازی سروشتی کوردستان لە ئارادایە بۆ ولاتانی ئەوروپا بە ڕێگای تورکیا، کە پێگەی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە.

٢- بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان حکومەتی هەرێم بە هاوکاری کەرتی تایبەت چەندین پرۆژەی گرنگی بۆ وەبەرهێنانی کارەبا دامەزراندوە، کە بە هۆی گازی سروشتی و گازوایل کاردەکەن. گازە سروشتییەکە بە هۆی لولەوە دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەکانی کارەبای (١٠٠٠میگاوات)هەولێرو (١٠٠٠میگاوات) سلێمانی. هەر لەگەڵ ئەمانەش وێستگەی کارەبای دهۆکی گازوایلی (٥٠٠میگاواتی) و وێستگەی باعەدرێی (١٧٠ مێگاواتی) دامەزراندوە.

ڕاهێنان:

:نیشانەی (√)بۆ ڕاستەکان و نیشانەی (X) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١.لە هەرێمی کوردستان دەرامەتی کانزا زۆرە.
٢.نەوت کانزایێکی گرنگە.
٣.وێستگەی کارەبای (١٠٠٠میگاواتی) هەولێر گازی سروشتی لە چاڵگە گازییەکانی چەمچەماڵەوە بۆ دێت.
٤.وەبەرهێنانی لە کێڵگە نەوتییەکانی(تاوکی)لە زاخۆ لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.
٥.کێڵگە نەوتییەکانی بابەگوڕگوڕ دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا.
٦.وێستگەی کارەبای (١٠٠٠میگاواتی) سلێمانی دەکەوێتە چەمچەماڵ.

٢ - پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان

پیشەسازی: بریتیە لە کرداری گۆڕینی کەرەستەی (خاو) بۆ کەل وپەلی دروستکراو.

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەر لە کۆنەوە خەریکی پیشەی دەستی جۆراوجۆر بوونە بۆ پەیداکردنی پێداویستەکانی ژیانی رۆژانەیان، وەک پیشەی تەونکردن (بۆ دروستکردنی مافور و رایەخ وبەڕە و...تد)، پیشەی دروستکردنی پێلاو و جلو بەرگ وگۆزەو گلکاری وگەلێ شتی تر.

پاڵاوتگەی خورمەلە لە هەولێر

بەڵام ئەمڕۆ ئەو پێشکەوتنە پیشەسازییە مەزنەی کە لە جیهاندا هەیە، هەرێمی کوردستان تارادەیەک لێی بێبەشە. جگە لە هەندێ کارگەی بچوک نەبێت کە لە شارەکانی کوردستاندا هەیە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی رژێمە کۆنەکانی عێراق کە ناوچەکەیان پشتگۆێ خستبوو لە رووی گەشەپێدانی پیشەسازییەوە.

چالاکـــی:ـ

(چۆن دەتوانین لە هەرێمی کوردستان پەرە بە پیشەسازی بدەین؟)

مامۆستای بەڕێز:ـ هاوکاری قوتابییەکان بکە بۆ دەست نیشانکردنی هۆیەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

راهێنان:

١. بۆچی کوردستان بەدواکەوتوو دادەنرێت لە رووی پیشەسازییەوە ؟.

٢. چ جۆرە پیشەیەکی دەستی لە کوردستان زۆر باوبووە ؟.

زانیاری:ـ

گرنگترین دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بریتین لە:

١. کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە و بازیان لە سلێمانی و لەیلان لە کەرکوک.

پیشەی کاری دەستی

٢. پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت لە کەرکوک.

٣. کارگەی جل و بەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی و دهۆک.

٤. کارگەی ئامادەکرنی خواردنەوە گازییەکان لە هەولێر.

٥. کارگەی رستن وچنین لە کەرکوک و کفری.

٦. کارگەی بەردی مەڕمەڕ لە هەولێر و سلێمانی.

٧. کارگەی گەچ وخشتی سورکراوە لە هەولێر و سلێمانی.

٨. کارگەی شیش لە هەولێر.

٩. کارگەی ئاوی کانزایی لە هەولێر، سلێمانی، زاخۆ و ئاکرێ.

بەشی حەوتەم
گەشت و گوزار

ئاووهەوا و سروشتی هەرێمی کوردستان لە دیمەنی سەرنج ڕاکێشی شاخ و دۆڵ وکانی وسەرچاوە و تاڤگەو مەڵبەندە ئاینی و شوێنە دێرینەکان هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەتی و دانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراقیش بەگشتی، کە ساڵانە گەشتیاران لە هەموو لایەکی وڵات ڕووی تێدەکەن. بۆ کات بردنە سەر و پشوودان. چەندین هاوینەهەوار و شوێنی تایبەت لە کوردستان هەیە .

نەخشەی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان

وێنەی گەلی عەلی بەگ

ناوچەکانی گەشتو گوزار لە هەرێم بەم شێوەیە دابەشدەکرێت:

یەکەم / هاوینە هەوارەکان و زستانەگەشت بۆ ناوچەی بەفریارین:

١.هاوینە هەوارەکانی پارێزگای هەولێر: (شەقڵاوە، گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، جوندیان......تد).

٢.هاوینە هەوارەکانی پارێزگای سلێمانی: (سەرچنار، دوکان، دەربەندیخان، ئەحمەداوە، تەوێلە، بیارە، قەرەداغ وئەزمر...تد).

٣.هاوینەهەوارەکانی پارێزگای دهۆک: (سەرسەنگ، سـوارەتـوکـە، زاوێـتـە، سۆلاف، ئـاشـاوە وئانیشکێ......تد).


سەرچنار

هاوینە هەواری سۆلاف

ئەحمەد ئاوا(سلێمانی)

دووەم / شوێنە دێرینەکان:

قەڵاو منارەی هەولێر، (ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتی هەزارمێرد، کە پاشماوەی مرۆڤی نیاندارتالیان لێدۆزراوەتەوە)، قەڵای شێروانە لە کەلار و هەڵکەندراوەکانی خنس لە شێخان وگوندی چەرمۆ لە چەمچەماڵ و شوێنەوارەکانی بەکراوە لە هەڵەبجە و دەیان شوێنەواری تر هەرێمی کوردستانیان کردۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری.

قەڵای شێروانە

قەڵای ئامێدی

سێیەم /مەڵبەندە ئاینییەکان:

لە کوردستان گەلێ مەزاری پیاوچاکان و پەرستگاو شوێنی ئاینی جیاجیا هەیە، هاووڵاتیان سەردانیان دەکەن، وەکو مزگەوتی گەورەی سلێمانی (کاکە ئەحمەدی شێخ)، پەرستگای (لالش) و(شێخ ئادی)کەشوێنی پیرۆزی ئێزیدییەکانن

(دێرمارمەتی)لە چیای مەقلوب، (دێر رەبەن بۆیە)لە شەقڵاوە، (مەزار مەریەمانە لەعەنکاوە و (دانیال پێغەمبەر) لە کەرکوک و (پیری شالیار) لە هەورامان و چەندان مەڵبەندی تر.

قەڵای کەرکوک



کاکە ئەحمەدی شێخ

لالش

دێر مارمەتی

راهێنان:

:نیشانەی (√)بۆ راستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١. تەنها ئاو و هەوا و سروشتی کوردستان هۆکاری سەرەکین بۆ پەیداکردنی گەشتیاری لە کوردستان.

٢. شەقڵاوە شوێنێکی گەشتیاری گرنگە لە رووی هاوینە هەوارو مەڵبەندە ئاینییەکان.

٣. لالش پەرستگای پیرۆزی ئێزیدییەکانە.

٤. پێکهاتەی سروشت و شوێنەواری دێرین و مەڵبەندە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان هۆی دروستبوونی گەشت و گوزارە.

مێژووی کۆن وناوەند

مێژووی كۆن و ناوەند

مێژوو: تۆماری بەسەرهاتی مرۆڤایەتییە لە سەردەمی كۆن، باس لە ڕووداوەكانی ڕابردوو دەكات.

قۆناغەكانی

مێژووی كۆن و ناوەند
مێژووی نوێ و هاوچەرخ

بەشی یەکەم:
مێژووی کوردستانی دێرین

١.کوردستانی دێرین:

عێراق و بەشی زۆری کوردستان لە کۆندا میزۆپۆتامیا (وڵاتی دوو رووبار) (وادی الرافدین) ناودەبرا چونکە هەردوو زێی دیجلەو فورات پێیاندا تێدەپەڕین و زەوییەکانی ئاوەدان و بوون بە سەرچاوەی ژیان و نیشتەجێبوونی مرۆڤ و بنیادنانی کۆنترین شارستانییەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

باکوور و خۆرهەڵاتی دۆڵی میزۆپۆتامیا (کوردستان) بە لانکەی شارستانی دەژمێردرێت، چونکە مرۆڤی سەرەتایی لە ئەشکەوتەکان و لاپاڵی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاوە، بۆ ژیانی رۆژانەشی پشتی بە سروشت بەستووە، دانەوێڵە و بەری درەختی کۆکردۆتەوە و بۆخواردن بەکاری هێناوە، ڕاوی ئاژەڵی کێوی و پەلەوەری کردووە، گۆشتەکەی خواردووە و پێستەکەشی لەبەرکردووە. بۆ خۆ پارستن لە سەرمای زستان و گەرما و دڕندەی کێوی پەنای بۆ ئەشکەوتەکان بردووە، بەرەبەرە گۆڕانکاری بەسەر ژیانی داهاتووە، ئاگری کردۆتەوە و بۆ سوود وەرگرتن بەکاری هێناوە.



(نەخشەی میزۆپۆتامیا)

دیمەنی مرۆڤی کۆن

هەر ئەم مرۆڤانە بەرەبەرە دابەزیون بەرەو گردۆلکە و دەشتەکان و کەناری رووبارەکان.

ئامێر و کەلوپەل و کەرەستەی جۆراوجۆریان لە بەرد دروستکردووە راو وکاری رۆژانەیان پێ ئەنجامداوە، پاشان ئاژەڵی کێوییان ماڵی کردووە، بەتایبەتی سەگ کە بۆ پاسەوانی بەکاریان هێناوە، ئینجا فێری کشتوکاڵ بوونە دانەوێڵەیان بەرهەمهێناوە و گوند و شار و پەرستگایان بنیاد ناوە و پەرەیان بەشارستانێتی داوە.نمونەی زۆریشمان لەو بارەوە هەیە لە کوردستان، گرنگترینیان گوندی چەرمۆیە کە دەکەوێتە نزیک شاری چەمچەماڵ کە مرۆڤ کشتوکاڵی

کردووە و نیشتەجێبووە و ئاژەڵی ماڵی کردووە. نموونەیەکی تریش کە لەساڵی (١٩٨٥)لەلایەن تیمێکی پۆلەندی لە باشووری شاری دهۆک گوندی (نەمرکێ)یان دۆزییەوە، مێژووەکەی بۆ ساڵانی (٨٥٠٠)پێش زایین دەگەڕێتەوە. لەنزیک شاری ئامەدیش (دیاربەکر)گوندی (گۆیەلکی تەپە)دۆزرایەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٩٨٠٠-٨٥٠٠ پێش زایین). هەروەها ئەشکەوتی خانزاد لە هەریر کە بە پەناگەی مرۆڤی کۆن ناسراوە پێش زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵ.

ئەشکەوتی خانزاد(حدریر)پەناگەی مرۆڤی کۆن بووە

راهێنان:

مرۆڤی سەرەتایی راوی ئاژەڵی کێوی دەکرد بۆ ئەوەی ئەم سوودانەی لێوەربگرێت:

١.

٢.

٣.

چالاکی

دۆزینەوەی ئاگر وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژوو، چونکە ئاگر سوودی زۆری هەبوو، کە ئەمانەن:

١.

٢.

٣.

٢-چەند شوێنەوارێکی دێرینی کوردستان:

ئەگەر بێتو گەشتێک بە نێو کوردستاندا بکەین دەبینین پڕیەتی لە شوێنەوار و پاشماوەی دێرینی وەک ئەشکەوت و گرد و قەڵا و شوورە و پرد و وێنەی هەڵکەندرا و لە سەر بەرد و شاخ و....تد، ئەمانە گشتی شارستانییەتی باوک وباپیرانمان پێشاندەدەن، کە لە نێو ئەم شوێنەوارانەشدا ئێسک و پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵ و پاشماوەی گەنم وجۆو کەرەستەو ئامێری جۆراوجۆری ڕاوکردن وکشتوکاڵ و کارەکانی ڕۆژانەی ناوماڵ دۆزراونەتەوە، کە ئەمەش ڕێنیشاندەرە بۆ شێوەو چۆنییەتی ژیانی ڕۆژانە و دەست ڕەنگینی و لێهاتوویی و وەستایی باوک و باپیرانمان.

دێرینەکانی چیای نەمرود

هەندێ لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان:

أ.ئەشکەوتی شانەدەر:-

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باکووری هەولێر لە قەزای مێرگە سوور، لە بەشی خوارووی چیای برادۆست لەسەر زێی گەورە.لەم ئەشکەوتە ئێسک و پروسکی جۆری مرۆڤی نیاندرتالی لێ دۆزراوەتەوە، کەلەنێویاندا ئێسکی منداڵی ساوای تێدابووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٥٠٠٠-٤٥٠٠٠ ساڵ پێش زایین)کە مرۆڤی تێدا ناشتراوە.لەگەڵ چەندەها کەرەستەو ئامێری کشتوکاڵی.

مرۆڤی نیاندرتال کۆنترین جۆری مرۆڤە، بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە بۆ یەکەم جار پاشماوەی ئێسک و پروسکی ئەم مرۆڤە لە دۆڵی نیاندرتال لە ئەڵمانیا دۆزرایەوە.

ئەشکەوتی شانەدەر

ئەشکەوتی هەزارمێرد

ب. ئەشکەوتی هەزارمێرد:.

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە دووری (١٣)کم لە باشووری خۆرئاوای شاری سلێمانی، لە دامێنی چیای بەرانان، کە جگە لەم ئەشکەوتە حەوت ئەشکەوتی تر هەن، ئەشکەوتێکی تریش لەم ئەشکەوتەدا چەندەها کەرەستە و ئامێری بەردی بەنرخی ئیسک و پروسکی مرۆڤی نیاندرتالی لێدۆزراوەتەوە.

ج.نوزی:.

یەکێکە لەو شوێنەوارە دێرینانەی کوردستان کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری کەرکوک و ئێستا بە (یۆرغان تەپە)ناسراوە، پاشماوەی چەندین سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی کۆنی لێدۆزراوەتەوە، بەتایبەتی هۆریەکان (خووریەکان) گەلێکی کۆنی کوردستانی دێرین بوون لە پاشاندا دەولەتێکان دامەزراندن بەناوی دەولەتی میتانی.

وێنەی چەند کەل و پەلێک لە شوێنەواری نوزی

بەشی دووەم
نەتەوە دێرینەکانی کوردستان

لە کوردستانی دێرین کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و رۆژهەڵات و باکووری میزۆپۆتامیا دەگرێتەوە، چەندین گەل و نەتەوە ژیاون، بە باوک و باپیرانی کورد دادەنرێن.

لەو گەل و نەتەوانەش:ـ (سوبارییەکان، لۆلۆبییەکان، گۆتییەکان، کاشییەکان، مادەکان وکاردۆخییەکان......).وا لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:ـ

وێنەی هەڵکەندراوێکی سەردەمی لۆلۆبییەکان

١.لۆلۆبییەکان:ـ یەکێکن لە نەتەوە هەرەدێرینەکانی کوردستان لە ناوچەکانی ئەمڕۆی پارێزگای سلێمانی نیشتەجێبوون.ناوچەکەیان چەندەها جار تووشی چاوتێبڕینی ئەکەدییەکان بووە تا ئەوەبوو بەسەرۆکایەتی (نەرام سین)توانیان سەرکەون بەسەر لۆلۆبییەکان.

ئەم سەرکەوتنەشی لەسەر میلێکی بەردینی دوو مەتر بەرز تۆمارکرد لە دەربەندی گاور لەچیای قەرەداغ. ئەم میلە کە بە(میلی سەرکەوتن) ناسراوە، ئێستا لەمۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس لە وڵاتی فەرەنسا پارێزراوە.

بەڵام زۆری پێ نەچوو لۆلۆبییەکان خۆیان یەکخستەوەو لەژێر سەرکردایەتی شا (ئانۆ بانینی)توانیان سەرکەون بەسەر ئەکەدییەکان.

لۆلۆبییەکان وەستاو شارەزای کاری پەیکەر سازی و داتاشین و هونەری بیناسازی بوون.

٢.گۆتییەکان:ـ ئەمانەش لە نەتەوە دێرینەکانی تری کوردستان بوون، لەناوچەکانی نێوان زێی بچوک و زێی سیرواندا دەژیان، پایتەختەکەیان بەناوی (ئەربخا) بووە، کە شاری کەرکوکی ئێستایە.

(ئەربخا) شاری کەرکوک

ناوچەکانیشیان چەند جارێک تووشی پەلامارو چاو تێبڕینی ئەکەدییەکان بووە، بەڵام ئەمانە توانییان بەرپەچیان بدەنەوە، تەنانەت توانیان دەوڵەتی ئەکەدیش برووخێنن.بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکیش دەستیان گرتووە بەسەر وڵاتی سۆمەرو ئەکەد (باشووری میزۆپۆتامیا) لەم ماوەیەشدا (٢١) بیست ویەک پاشا فەرمانڕەواییان کردووە.

٣.کاشییەکان:ـ

وێنەی عەقەرقوف

ئەمانەش لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان بوون لە ناوچەکانی ئەمڕۆی کرماشان و لوڕستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژیان، پاشان بەرەو دەشتەکانی رۆژهەڵاتی دیجلە شۆڕبوونەوە.بۆماوەی زیاتر لە چوار سەدە دەستیان بە سەر وڵاتی بابل داگرت و دەوڵەتێکی مەزنیان دامەزراند لە مێژوودا بە (کاردۆنیاش) ناسراوە.

پایتەختێکی تازەیان دروستکرد ئێستا پاشماوەکەی لە (عەقەرقوف)لە باکووری رۆژئاوای شاری بەغدایە، لە گرنگترین شوێنەوارە جێماوەکانی زەقورەکەیەتی، ئەمەش وەستایی و شارەزایی و لێهاتووی ئەوانمان بۆ دەردەخات لە بواری هونەری بیناسازی و کاری داتاشین، چونکە دیوارەکانی بە وێنەی رەنگاو رەنگ نەخشێنرابوون.

٤. مادەکان (میدییەکان):ـ

وێنەیەکی شارستانییەتی میدییەکان

میدییەکان تاماوەیەکی درێژ هەر لەسەر شێوەی هۆز و تیرەی بچووک بچووک دەژیان، بەڵام لە دەوروبەری ساڵانی (٧٠٠پێش زایین)یەکێک لە سەرکردەکانیان کەناوی (دیاکۆ) بوو توانی یەکیان بخات و دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێ و شاری ئەکبەتانا (هەمەدانی ئێستا)بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکە.

مادەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرووی هێرش و پەلامارەکانی ئاشوریەکان وەستاون کە

دەیانویست ناوچەکە داگیربکەن.ئەوەبوو مادەکان بەسەرکردایەتی کەی خسرەو(کیاکسار) بەهاو پەیمانێتی لەگەڵ کدانییەکانی بابل، هەر دوولا ساڵی (٦١٢پێش زایین) هێرشیان کردە سەر (نەینەوا) پایتەختی ئاشورییەکان و کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشوری هێنا.

سنوری دەوڵەتی میدیا لە سەردەمی کەی خسرەو هەموو کوردستانی گرتەوە، ئەمە جگە لە ناوچەکانی دەوروبەریشی.



وێنەی هەڵکەندراوی قزقاپان

راهێنان:

١.ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پربکەرەوە:....

أ.لەوگەل ونەتەوانەی کە لە کوردستانی دێرین دا ژیاون ......و........و......و......و.....

ب.دەوڵەتی میتانی لەلایەن گەلی............دامەزرا.

ج.کاشییەکان دەوڵەتێکی مەزنیان دامەزراند کە لە مێژوودا بە..........ناسراوە

٢.کوردستانی دێرین کوێ دەگرێتەوە ؟

٣.لەگەڵ مامۆستاکەت لە بارەی گرنگی دەوڵەتی میدیا لە مێژووی گەلی کورد دا بدوێ.

٤.سێ دەوڵەتی کۆنی کوردستانی دێرین بژمێرە.

بەشی سێیەم
عێراق لە چاخە کۆنەکان

نەتەوە دێرینەکانی عێراق

١.سۆمەرییەکان:ـ


پەیکەری نەرام سین

یەکێکن لە نەتەوە هەرەدێرینەکان کە لە باشووری میزۆپۆتامیا نیشتەجێبوون، لەسەر هەردوو کەناری دیجلەو فورات گوند و شار و پەرستگایان دروستکرد، کشتوکاڵیان دەکرد، بازرگانیان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێیاندا ئەنجامدەدا، چەندەها دەسکەوتی شارستانی گرنگیان بەدەست هێناوە لە کانزا و گلێنەسازی و بیناسازی وەک زەقورە و دروستکردنی مۆر (الختم)، دۆزینەوەی کۆنترین جۆری نوسین لە دەوروبەری سالانی (٣٢٠٠ پ.ز)کە بەنوسینی مێخی (المسماری)ناسراوە، ئەم نووسینەش بۆ ئەنجامدانی کاروباری رۆژانە بەکار هاتووە.

٢.ئەکەدییەکان:ـ

بەکۆنترین ئەو نەتەوە سامیيانە دادەنرین کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە کۆچیان کردوە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا، پاشان دەوڵەتێکی بەهێزیان بەسەرکردایەتی (سەرجۆنی ئەکەدی)دامەزراند، دوای یەکخستنی (دەوڵەتانی شاری سۆمەر). لە سەردەمی پاشا (نەرام سین) ئەکەدییەکان لە هەموو لایەکەوە پەلیان هاویشت و ناوچەیەکی زۆر فراوانیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیان.

تابلۆیەکی قوڕی نوسینی بزماری لەسەر نەخشێندراوە

(وێنەی زەقورە)

مۆرێکی قورین لە سەردەمی
سۆمەرییەکاندا

زانیاری:

زەقورە چییە؟ ئەکەدییەکان زەقورەیان بە مەبەستی پەرستگا دروستکردبوو واتا (شوێنی خواوەندەکان) ئیستاش پاشماوەی ئەم شوێنەوارە لە باشووری عێراق ماوە.

راهێنان:

ئەم بۆشاییانە پربکەوە:

١.لەسەردەمی پاشای ئەکەدی..........هونەری پەیکەرتاشی پێشکەوت.

٢.نوسینی مێخی (بزماری) لەلایەن............دۆزرایەوە.

٣.سۆمەرییەکان لە بەشی باشووری............ نیشتەجێبوون.

پەیکەرێکی سەردەمی ئاشوورییەکان

٣.ئاشوورییەکان: ئەمانە یەکێکن لەو نەتەوانەی کە لە باکووری دۆڵی میزۆپۆتامیاو بەشێکی کوردستان نیشتەجێبوون، وامەزەندە دەکرێت کە ناوەکەیان لە ناوی یەکەم پایتەختیان شاری (ئاشور)و لە ناوی خواوەندەی گەورەیان (ئاشور) هاتبێت.

ئاشوورییەکان دەوڵەتێکی مەزنیان پێکهێنا ، چەندین پاشای بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوت و سنوری دەوڵەتەکەیان زۆر فراوانکردوە، هەندێک لەم پاشایانە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئاودێری و ئاوەدانکردنەوەیان ئەنجامدا کە تا ئێستاش پاشماوەیان ماوە، لەوانە پرۆژەی ئاوی سەنحاریب کە لە چەمی بەستۆرەوە (لەنزیک گوندی قەلەمورتک)ئاوی بەرێگای کارێزەوە دەگەیاندە ناو قەڵای هەولێر، هەروەها پرۆژەکانی تری ناوچەی شێخان (بەتایبەتی لەخەنەس)و نەینەوا کە گشتیان بۆ سەردەمی شا (سەنحاریب)دەگەڕێتەوە.

هەروەها لە پاشا بەناوبانگەکانی تری ئاشوورییەکان شا (ئاشوربانیباڵ).

وێنەی خەنەس لەشێخان

راهێنان:

١.سەنحاریب چ پرۆژەیەکی بۆ هەولێر کردووە ؟

٢.ناوی نەتەوەی (ئاشور) لەچییەوە هاتووە ؟.

شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق

١.ئوور: ئەم شارە ئێستا پاشماوەکەی دەکەوێتە نزیک شاری ناسریە لە پارێزگای زیقار، یەکێک بووە لە کۆنترین و گرنگترین شاری سۆمەرییەکان.

وێنەی پەیکەری ئوور نەمۆ

لەم شارەدا کۆمەڵێک سامان و کەلوپەلی بەنرخ لە (گۆڕستانی پاشایان)دۆزراوەتەوە، لە زێڕ و پەرداخ و خەنجەری زێڕین و هەندێ (تار) (قیثارە)ی رازاوە بەزێڕ و شتی تر.

شوینەوارەکانی ئەم شارە بریتیە لە زەقورەکەی ئوور.لەلایەن (ئوور نەمۆ)دامەزرێنەری بنەماڵەی ئووری سێهەم دروستکراوە.

٢.بابل:. پاشماوەی ئەم شارە دەکەوێتە نزیک شاری (الحلە)لە سەر رووباری فورات.لە دوو سەردەم دا زۆر ناوبانگی دەرکردووە، یەکەمیان لەسەردەمی شا(حامورابی)لە شایە هەرە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی بابلی یەکەم بوو، بەیاسایەکانی ناوبانگی دەرکردوە، کە لەسەر میلێکی بەردین نووسراوە بۆ رێکخستنی ژیان و ماف وئەرکی هاووڵاتیان و سزادانی تاوانباران و سەرپێچی کاران داینـاوە.ئێستاش ئەم میلە لە مۆزەخانەی (لۆڤەر)لە پاریس پارێزراوە.دووەمین سەردەمیش سەردەمی پاشا (نەبو خەزنەسر)بووە کە باخچە هەڵواسراوەکانی دروستکردووە.



٣. ئاشوور: پاشماوەی ئەم شارە ئێستابە(قەلای‌شەرقات)دەناسرێت و دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ بەدووری ١١٠کم. شاری ئاشوور یەکەم پایتەختی ئاشوورییەکان بووە، لە هەمان کاتیشدا مەڵبەندی خوداوەندی گەورەی ئاشوورییەکان بوو بە ناوی (ئاشوور). گرنگترین شوێنەواری شارەکەش بریتین لە قوڵلەی (برج) سەرەکی شارەکە(زەقورە)کەئاشوورییەکان بۆ خواوەندی ئاشوور تەرخانیان کردبوو.

وێنەی میلەکەی حامورابی

راهێنان:

ئەم رستانەی خوارەوە راستبکەوە:

١.شاری ئوور لە سەردەمی پاشای ئەکەدی (نەرام سین) ناوبانگی دەرکردووە.

٢.پاشماوەی شاری ئاشوور ئێستا بە قەلای کەرکوک دەناسرێ.

٣.حامورابی باخچەی هەڵواسراوی دروستکردووە.

بەشی چوارەم
مێژووی ئیسلام
ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)

ئاینی ئیسلام

ئاینی ئیسلام دواین ئاینی ئاسمانییە کە خودای گەورە بۆ مرۆڤ ناردویەتی، هەموو ئاینە ئاسمانییەکان وەک ئیسلام و مەسیحییەت و جولەکە سەرچاوەکەیان فەرمانەکانی خودای گەورەیە کە بۆ هەریەکەیان کەسێکی راسپاردووە تاپەیامی ئەم ئاینە بە خەڵک رابگەیەنێت، ئەم کەسەش پێی دەگوترێت (پێغەمبەر)کە هەڵبژاردەی خودایە.

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە بۆ پێغەمبەر محەممەد(د.خ)هاتووە لەرێگەی قورئانی پیرۆزەوە، ئەو کەسەش کە باوەڕ بەم ئاینە بهێنێ پێی دەگوتری (موسڵمان).

بارودۆخی عەرەبەکان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام

ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا پەیدابوو، لە بارودۆخێکدا کە لە زۆر لایەنەوە ناهەموار بوو، عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە بەدەست چەندان کیشەو گرفتی ناخۆشەوە دەیان ناڵاند.

عەرەبەکان لە چەندان هۆز و بنەماڵە پێکهاتبوون، هەر دەستە بەرژەوەندی خۆی دەویست و لەگەڵ ئەوانیتردا ناکۆک بوون، زۆر جار لەسەر شتی بێ بایەخ شەڕ و ئاژاوەیان دەنایەوە خەڵکێکی زۆر لەناو دەچوون. ژیانی عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی سەخت بووە، چونکە وشک و بێ دەرامەت بووە. جگە لە هەندێ دابو نەریتی کۆمەڵایەتی ناشیرین وبت پەرستی و کۆیلایەتی.

مەککە شوێنی لەدایک بوونی پێغەمبەر (د.خ)

گرنگی شاری مەککە:.



وێنەی کەعبەی پیرۆز

پێغەمبەر محەممەد(د.خ)لە شاری مەککە لە دایک بووە، لە بنەماڵەی (هاشمی)سەر بە هۆزی قورەیش بوو، ئەم هۆزەش لە بەناوبانگترین هۆزەکانی مەککە بوو، باوکی ناوی (عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەلیب)ە، دایکیشی (ئامینەی کچی وەهەب)ە.پێغەمبەر بەر لەوەی لە دایک ببێت باوکی کۆچی دوای کردبوو،

له ١٢ی مانگی رەبیعی یەکەم، بەرامبەر بە ٢٠ی مانگی نیسانی ساڵی ٥٧١زاینی) له دایک بووه، ئەم ساڵەش لەلای عەرەبەکان بە ساڵی فیل ناسراوه و له تەمەنی (٢٥)ساڵی ژنێکی ناوداری شاری مەککه که ناوی (خەدیجه کچی خوەیلد)بوو شووی پێکردووه له ئەشکەوتی(حەرا)له تەمەنی (٤٠)ساڵی خودا سروشی (وحی) بۆنارد.

مەککه شارێکی گرنگ و بەناوبانگ بوو، کاروانی بازرگانی پێدا تێدەپەڕی، هەر له کۆنەوه شارێکی پیرۆز بووه بەتایبەت که (کەعبه)ی پیرۆزی لێیه، که لەلایەن ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ)دروستکراوه.

زانیاری:

ساڵی فیل: ئەو ساڵه بوو کەپادشای وڵاتی حەبەشه(ئەبرەهه)هێرشی کرده سەر مەککه بەمەبەستی تێکدانی کەعبه لەم هێرشەدا فیلی بەکار هێناوه.

بانگەوازی خەڵک بۆ ئاینی ئیسلام:

پێغەمبەر لەسەرەتادا بەنهێنی دەستی به بانگەواز کرد بۆ ئاینی ئیسلام، تەنیا چەند کەسێکی نزیک بڕوایان بەپێغەمبەر (د.خ)هێنا، پاشان که ئەم ئاینه نوێیه لایەنگری زۆر بوو پێغەمبەر (د.خ)و هاوەڵەکانی بەئاشکرا بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ ئاینی نوێ.

ڕاهێنان:

١.پێغەمبەر (د.خ)داوای له خەڵک دەکرد کێ بپەرستن ؟.

٢.پێغەمبەر (د.خ) له سەرەتادا چۆن دەستی بەبانگەواز کرد ؟.

٣.کێ لەم کەسانه زووتر باوەڕیان بەپێغەمبەر (د.خ)هێنا ؟ (خەدیجەی خێزانی، ئەبوبەکری صدیقی هاوڕێی، عەلی کوڕی ئەبو تالیبی ئامۆزای).

هەڵوێستی خەڵکی مەککە بەرامبەر پێغەمبەر: ـ

خەڵکی مەککە هەر لە سەرەتاوە دژایەتی پێغەمبەریان کردو رازی نەبوون واز لە بت پەرستی بهێنن وپشت لە داب ونەریتە کۆنەکانیان بکەن، بەڵام پێغەمبەر (د.خ)و هاوەڵەکانی بەردەوام بوون لە سەر بانگەوازی خەڵک بۆ ئاینەکەی خۆیان و لە هەڕەشەی بێباوەڕەکان نەدەترسا.

کۆچکردن بۆ مەدینە:ـ

وێنەی شاری مەدینە

لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی بێباوەڕەکان موسوڵمانەکانی زۆر ئازار دەدا و رێگەیان لێدەگرتن تا نەتوانن پەیرەوی ئاینی خۆیان و بانگەوازی بۆ بکەن، بۆیە دەبوایە پێغەمبەر (د.خ)رێگە چارەیەک بدۆزێتەوە، ئەوە بوو بریاری دا خۆی و هاوەڵەکانی مەککە جێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ شارێکی دی، کەئەویش شاری (یەثرب)بوو، کەهەندێک لەخەڵکی ئەم شارە لەکاتی حەج دا ببوونە موسوڵمان و داوایان لە پێغەمبەر کرد بچێتە شارەکەیان کە گەیشتە ئەوێ ناوی شارەکەی گۆری بۆ (مەدینەی منوەرە).

مزگەوتی پێغەمبەر لەمەدینە

راهێنان:

ئەم رستانە راستن یا چەوتن ؟، چەوتەکانیش راست بکەرەوە.

١.خەڵکی مەککە هەموویان بە ئاینی ئیسلام رازی بوون.

٢.خەلکی مەککە بت پەرست بوون.

٣.پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکانی لە هەڕەشە دەترسان.

٤.پێغەمبەر (د.خ) بۆشاری مەدینە کۆچی کرد.

کارەکانی پێغەمبەر(د.خ) لە مەدینە:

پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا، بەر لە هەموو شتێک مزگەوتێکی دروستکرد بۆ نوێژکردنوو بەڕێوەبردنی کاروباری موسوڵمانان، ئەم مزگەوتەش تائێستا ماوە، هەروەها (بڕوانامەی مەدینە)ی دەرکرد بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵکی شاری (مەدینە)و دیاریکردنی ئەرک ومافی دانیشتوانەکەی کە لە دوو بەش پێکهاتبوون:

١.کوچکردووەکان کە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) لە مەککەوە کۆچیان کردبوو و پێیان دەگوترا (المهاجرین).

٢.خەڵکی شاری مەدینە ناویان لێنرا پشتیوانان (الانصار).

کۆچکردووەکان و پشتیوانەکانی کردە برای یەکترو، پەیمانیشی لەگەڵ جولەکەکانی مەدینە بەست کە دژایەتی یەکتر نەکەن، بەڵام جولەکەکان لەو پەیمانە پەشیمانبوونەوە.

نەخشەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ)

ڕاهێنان:

١.کۆچکەرەکان وپشتیوانەکان بوونە چی یەکتری ؟.

٢.کارەگرنگەکانی پێغەمبەر لەمەدینە بژمێرە.

٣.بڕوانامەی مەدینە باسی لەچی دەکرد ؟.

سەرکەوتنی ئیسلام وماڵئاوایی پێغەمبەر (د.خ):.

دوا بە دوای خستنی کاروباری مەدینە لە لایەن پێغەمبەر (د.خ) دیسان ڕووبەڕووی خەڵکی مەککە بووەوە کە بەردەوام بوون لە دژایەتی کردنی موسڵمانان، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەبووایە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی شەڕ لەگەڵ قورەیشەکانی مەککە بکات، ئەوە بوو چەند شەڕێک لە نێوان هەر دوولا ڕوویدا، لە گرنگترین ئەو شەڕانە، شەڕی بەدر و شەڕی ئوحد و شەڕی خەندەق بوو.

پاشان پێغەمبەر (د.خ) لە ساڵی(٦)کۆچی ڕێکەوتننامەی (حودەیبیە)یەی لەگەڵ قورەیشیەکان مۆرکرد و شەڕ ڕاگیرا، لە ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنەشدا موسڵمانەکان کەوتنە خۆ و خەڵکێکی زۆریان هێنایە سەر ئاینی خۆیان، ئەوەندەی نەبرد قورەیشەکان ڕێکەوتنامەکەیان شکاند، بەڵام لە کۆتاییدا موسڵمانەکان سەرکەوتن، لە ساڵی (٨) کۆچی شاری مەککەیان رزگارکرد، دانیشتوانی شارەکەش بوونە موسڵمان.دوای ئەم ڕووداوەش بەرەبەرە عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی پەیوەندیان بە پێغەمبەرەوە کرد و بوونە موسڵمان.لە(١٢)ی مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی (١١)ی کۆچی بەرامبەر (٦٣٤)زاینی پێغەمبەر(د.خ) نەخۆش کەوت و کۆچی دوای کرد.

ڕاهێنان:

١.گرنگترین شەڕەکانی موسڵمانان لەگەڵ قورەیشیەکان بژمێرە.
٢.ئەنجامی ڕێکەوتننامەی حودەیبییە باس بکە.
٣.کێ ڕێکەوتننامەی حودەیبییەی شکاند؟
٤. کەی پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوای کرد؟.

سەردەمی راشیدین (١١-٤٠)ی کۆچی

سەردەمی راشیدین بەو سەردەمە دەوترێت کە چوار لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) (ئەبوبەکری صدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب) بەڕێوەبردنی کاری موسڵمانانیان گرتە ئەستۆی خۆیان و بوونە جێنشین(خەلیفە)ی پێغەمبەر (د.خ):.

١.خەلیفە ئەبوبەکری صدیق (١١-١٣)ی کۆچی:.

دوای کۆچی دوای پێغەمبەر هاوەڵەکانی لە شوێنێک کۆبوونەوە بەناوی (سەقیفەی بەنی ساعدە)

بۆ هەڵبژاردنی کەسێک تا لەجێگەی پێغەمبەر (د.خ) رابەرایەتی موسڵمانەکان بکات. ئەوەبوو دوای راوێژو پرس و راگۆڕینەوە رازیبوون لەسەر ئەوەی ئەبوبەکری صدیق ببێتە خەلیفەی پێغەمبەر.

نەخشەی دەولەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین

دوای ئەوەی ئەبوبەکر کرا بە خەلیفە و جێنشینی پێغەمبەر لە مزگەوت و تارێکی پێشکەش بە موسڵمانان کرد و تیایدا رێرەوی کاروباری خۆی دەستنیشان کرد و رایگەیاند ئەو دادپەروەرانە کار دەکاو جیاوازی لە نێوان موسڵمانان ناکات. توانی رووبەرووی ئەو هۆزە عەرەبانە ببێتەوە کە لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە. خەلیفە ئەبوبەکر لە ساڵی ١٣کۆچی بە نەخۆشی کۆچی دوای کرد.

زانیاری:.

١.خەلیفە: بەجێنشینی پێغەمبەر دەگوترێت، کە کاروباری رۆژانەی ئاینی ودنیایی

موسڵمانان رادەپەڕێنی.

٢.راشیدین:. (پێگەیشتوان و دانایان) بەهەر چوار یەکەمین خەلیفە دەگوترا، چونکە لە ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ)لایان نەدا.

٣.شوورا:. راوێژکردن و راگۆڕینەوە لە نێوان موسڵمانان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو چارەسەری گیروگرفت.

راهێنان:

١.مانای سەردەمی راشیدین روونبکەرەوە.

٢.موسڵمانەکان بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر لە کوێ کۆبوونەوە ؟ (مزگەوت، سقیفە بەنی ساعد، بازاڕ).

چالاکی:

ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە ووتارەکەی خەلیفە ئەبوبەکری صدیق):

(کەسی بەهێز و بە دەسەڵات بێ هێز و بێ دەسەڵاتە تاکو مافی لێ دەسەنمەوە، کەسی بێ هێز و بێ دەسەڵاتیش بە هێزە تاکو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە).

٢.خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (١٣-٢٣)کۆچی:

خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییەکانی مێژووی ئیسلامی، پێغەمبەر نازناوی (فاروق)ی پێدابوو واتا (دادپەروەر) ،ئەوەی جیاوازی دەکا لە نێوان کاری رەواو نارەوا) لەسەردەمی ئەم خەلیفەیە چەندین کار ئەنجام دراوە، لەوانە:.

١. بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە وڵاتی شام و میسر و کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٦-٢٢)کۆچی بەتایبەتی دوای هەر دوو شەڕی (جەلەولاو نەهاوەند) ، سوپای ئیسلام سوپای ساسانیەکانیان شکاند و گەیشتنە خاکی کوردان.

٢.شارەکانی (بەسرەو کوفە)لە عێراق و (فوستات)یان لە میسر دروستکرد.

٣.دیوانی دامەزراند کە ناو و مووچەی جەنگاوەرانی تێدا تۆمار کرابوو.

٤.ساڵنامەی تایبەت بە موسڵمانان دانا کە ئەویش ساڵنامەی کۆچی بوو.

لە ساڵی (٢٣)کۆچی شەهیدکرا.

٣.خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان (٢٣-٣٥)ی کۆچی:

یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ)، پیاوێکی دەوڵەمەندبوو و پارەی زۆری لە پێناو ئیسلام بەخشیوە. لەسەردەمی ئەو سوپای ئیسلام بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بوو تا گەیشتە دوورترین شوێن.

لە کارەگرنگەکانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان:

١. لە سەردەمی ئەودا بۆ یەکەمجار موسڵمانان (کەشتی گەلێکیان) دامەزراند تا بتوانن لە ناو دەریاش رووبەڕووی دوژمنان ببنەوە و دەست بەسەر دوورگە و ناوچە دەریاییەکاندا بگرن.

٢. تەواوکردنی کاری خەلیفە ئەبوبەکری صدیق بوو لە کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، ئەوەبوو دانەیەکی تەواوی نووسرایەوە و لەسەر ئەویش چەند دانەیەک نووسرایەوەو رەوانەی هەرێمە جیاجیاکانی دەوڵەتی ئیسلامی کران.

راهێنان:

ئەو وشانەی کە هێڵیان لە ژێرە هەڵەن، راستیان بکەرەوە:-

١.خەلیفە عوسمان کەسێکی هەژاربوو.

٢.یەکێک لە کارە گرنگەکانی خەلیفە عوسمان نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو.

٤.خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب (٣٥-٤٠)ی کۆچی:-

ئیمام عەلی ئامۆزای پێغەمبەر بوو لەتەمەنی دە(١٠) ساڵی باوەڕی بەئیسلام هێنا، هەر لە ماڵی پێغەمبەر گەورە بووە، بۆیە سەرپەرشتی و چاودێرییەکی باشی کراوە.

خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب فاتیمەی کچی پێغەمبەری خواستووە کە هەردوو نەوەی پێغەمبەری لێ وەپاش کەوت(حەسەن و حوسێن).

ئیمام عەلی بە زمانپاراوی و زانایی وشارەزایی و دادپەروەرو پارێزەری ماڵ و سامانی موسڵمانان ناسرابوو. بەڵام لەسەردەمی ئەو گیرگرفتی ناوەخۆ زۆر بوو هەرکەسەو دەیویست دەسەڵات بگرێتە دەست، تا کار گەیشتە بەرپابوونی شەڕ، زەرەر و زیانێکی زۆری بەهەموو خەڵک گەیاند، تەنانەت خۆشی لە ئەنجامی ئەم شەڕە لەساڵی (٤٠)ی کۆچی شەهید کرا. بەمەش سەردەمی راشیدین کۆتایی پێهات و سەردەمێکی تر لە مێژووی ئیسلامی دەستی پێکرد کە بە سەردەمی ئومەوی ناسراوە.

راهێنان:

١.ئیمام عەلی کچی کێی خواست بوو؟.

٢.خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب بەچی ناسراو بوو؟.

٣. کەی سەردەمی راشیدین کۆتایی پێهات؟.

سەردەمی ئومەوییەکان

پاش خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)بنەماڵەی ئومەوییەکانن، ئەوانیش بەشێک بوون لە قورەیش دەسەڵاتیان گرتە دەست.

معاویەی کوڕی ئەبوسفیان:

معاویەی کوڕی ئەبوسفیان یەکەمین خەلیفەی ئومەوییەکان بوو، شاری (دیمەشق)ی کردە پایتەختی خۆی، پاشان دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و چەند دیوانێکی نوێی دامەزراند، بە ناوبانگترینیان (دیوانی پۆستەو دیوانی مۆر)بوو.

(پارەی ئومەوییەکان)

لە سەردەمی ئومەوییەکاندا کاری گرنگ ئەنجامدرا، خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بۆ یەکەمین جار پارەی ئیسلامی لە سکەدا و لە سەرلایەکی نووسرابوو:

(بسم اللهالرحمن الرحيم *الله احد*الله الصمد)

لە رووی کاری بیناسازییەوەش ئومەوییەکان هەوڵیانداوە کاری باش ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک چەندان مزگەوت و کۆشکو نەخۆشانە دروستکراوە، گرنگترینیان مزگەوتی گەورەی (ئومەوی)یە لە دیمەشق.



مزگەوتی گەورەی ئومەوی لەدیمەشق

زانیاری:

ئومەوییەکان:. چونکە باپیرەگەورەی خەلیفەکانی ئومەوی ناوی (ئومەییە) بوو.بۆیە دەوڵەتەکەشیان بەو ناوەوە ناو براوە.

دیوانی پۆستە:. بەکاری گەیاندنی نامەوە خەریک بوو.

دیوانی مۆر:. کارەکەی مۆرکردنی نامەو کاغەزی فەرمی دەوڵەت بوو.

خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز:

یەکێک لە خەلیفە دیارەکانی ئومەوییەکان بوو، بە دادپەروەری و یەکسانی مامەڵە لەگەڵ خەڵک ناسرابوو، بۆیە هەندی جار پێی دەگوترێ خەلیفەی پێنجەمی راشیدین، چونکە پەیرەوی رێبازی خەلیفەکانی راشیدینی دەکرد، هەوڵی دەدا لە حوکمرانیدا بنەماکانی ئاینی ئیسلام پەیرەو بکات.دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی ئومەوییەکان زۆر فراوان بوو. ئومەوییەکان تا ساڵی(١٣٢)ی کۆچی حوکمڕانیان کرد، دوایین خەلیفەیان ناوی (مەروانی کوری محەمەد)بوو کە لەم ساڵەدا بە دەستی عەباسییەکان لەناوچوو، بە نەمانی کۆتایی بە دەوڵەتی ئومەوییەکان هات و عەباسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست.

راهێنان:

١.یەکەمین خەلیفەی ئومەوییەکان ناوی چیبوو ؟.

٢.پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی کام شار بوو ؟.

٣.گرنگترین کارەکانی معاویە چیبوو ؟.

٤.ئەم بۆشاییانە پربکەرەوە:

أ.خەلیفە.........بۆ یەکەم جار پارەی ئیسلامی لێدا.

(معاویە کوری ئەبو سفیان، عەبدولمەلیک کوری مەروان، وەلید کوری عەبدولمەلیک).

ب.شاری.........پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی بوو (دیمەشق، بەغدا، کوفە).

ج. دەوڵەتی ئومەوی لەسەر دەستی......... لەناوچوو.(راشیدین، عەباسییەکان).

٥.دوایین خەلیفەی ئومەوییەکان کێبوو ؟.

٦.خەلیفە (عومەری کوری عەبدولعەزیز) بەچی ناسرابوو ؟.

٧.بۆچی بە عومەری کوری عەبدولعەزیز دەوترا خەلیفەی پێنجەمی راشیدین ؟.

سەردەمی عەباسییەکان (١٣٢-٦٥٦)ی کۆچی / (٧٥٠-١٢٥٨)ی زایینی

لە دوای ئومەوییەکان عەباسییەکان دەسەڵاتیان وەرگرت، ئەمانە نەوەی (عەباس)ی مامی پێغەمبەر (د.خ)بوون، ناوی دەوڵەتەکەشیان لە ناوی عەباسەوە هاتووە.



نەخشەی شاری بەغدای کۆن

یەکەم خەلیفەی عەباسییەکان ناوی (ئەبولعەباس)بوو. لە دوای ئەو (ئەبو جعفەری مەنصور)ی برای دەسەڵاتی گرتەدەست، لە گرنگترین کارەکانی خەلیفە (ئەبو جعفەری مەنصور) دروستکردنی شاری بەغدا بوو، کە بەشێوەیەکی بازنەیی بوو کردییە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی.

هارون ئەلرەشید:

وێنەی شاری بەغدا

دوای ئەبوجەعفەری مەنصور چەند خەلیفەیەکی تر دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەوانە هارونە ڕەشید، کە چەندان کاری گرنگی ئەنجامدا، ئەوەبوو بایەخی زۆری بە خوێندن و زانیاری دەداو هەڵسا بە دروستکردنی (بیت الحکمە/خانەی دانایی)و کتێبی زۆری تێدا کۆکردەوە، دوای هارون ئەلرەشید(مەئمون)ی کوڕی دەسەڵاتی وەرگرتوو ئەویش زۆر هانی خوێندن و زانستی دەدا.

ڕاهێنان:

ئەم دەستەواژانە هەڵەن ڕاستیان بکەرەوە:.

١.یەکەم خەلیفەی عەباسی ناوی ئەبوجەعفەری مەنصور بوو.

٢.شاری بەغدا لەلایەن خەلیفە ئەبولعەباس دروستکرا.

٣. مەئمونی کوڕی هارون ئەلرەشید (بیت الحکمة)ی دامەزراند.

بارودۆخی دەوڵەتی عەباسی:-

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی عەباسیدا سنووری زۆر فراوانبوو، لەسەردەمی عەباسییەکاندا هەموو ئەو نەتەوانەی ببوونە موسڵمان وەک(کورد و فارس و تورک و...تد)، هەموویان ڕۆڵی خۆیان لە پێشخستنی دەوڵەتی ئیسلامی دەگێڕاو، هەر یەک لەو نەتەوانە لەماوەی جیاجیادا رابەرایەتی موسڵمانانیان کردووە.

نەخشەی دەوڵەتی عەباسی

ئاوەدانکردنەوە:

عەباسییەکان گرنگی زۆریان بە ئاوەدانکردنەوە دەدا بە تایبەتی لە بواری بیناسازی کە چەندان شاریان دروستکرد کە تا ئێستا ماون، وەک شاری بەغدا وشاری (سامەڕا کە لەلایەن خەلیفە موعتەسەم دروست کراوە).

وێنەی شاری سامەڕا

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی عەباسی هەر بەهێزی نەمایەوە بەڵکو دووچاری چەندان هێرشی دەرەکی بووە، نەتەوە موسڵمانەکان وەک (کورد، فارس، تورک)گەلێ جار بەرەنگاری هێرشەکان بوونەتەوە، بۆنموونە کاتێک (خاچ پارێزەکان) دەستیان بەسەر خاکی موسڵمانان داگرت، سەرکردەی ناوداری موسڵمانی کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی)بە پاڵپشتی سەرکردەو هۆزی کوردی و

موسڵمان رووبەڕوویان بوونەوەو ناوچەیەکی زۆری وڵاتی فەلەستینیان لە ژێر ئەو خاچ پارێزانە دەرهێنا.

لاوازبوونی دەوڵەتی عەباسی:-

دەوڵەتی عەباسی رۆژ بەرۆژ بەرەو بێهێزی دەرۆیشت بە هۆی چەند هۆکارێک، گرنگترینیان بایەخ نەدانی هەندێک لە خەلیفەکانی عەباسی بە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و ژیانی خەڵک، تاوەکو ساڵی (٦٥٦)ی کۆچی بەرامبەر (١٢٥٨)ی زاینی لەسەر دەستی مەغۆڵەکان (کەگەلێکی ئاسیایی بوون)کۆتاییان بەدەسەڵاتی عەباسییەکان هێنا.

وێنەی سەرکردەی موسڵمانی کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی)

زانیاری:-

خاچ پارێزەکان:- بریتی بوون لەو کەسانەی کە لە ئەورووپاوە هێرشیان هێنایە سەر موسڵمانانەکان، چونکە هێمای خاچیان لەسەر جلەکانیان نەخشاندبوو.

زانیاری:-

سەرکردەی موسڵمانی کورد(سەلاحەدینی ئەیوبی)لە تیرەی رەوادی (رەوەند)ی سەر بەعەشیرەتی (هەزەبانی)کوردبوو. ساڵی ١١٧٢ز دەوڵەتی ئەیوبی لەمیصر دامەزراند، پاشان باکووری سودان و باکووری خۆرهەڵاتی لیبیا و ناوچەکانی یەمەن و حیجاز و شام و بەشی زۆری کوردستانی خستە پاڵ دەوڵەتەکەی. لە شەڕی بەناوبانگی حەتین (حطين) توانی بەیارمەتی هۆز و تیرەو سەرکردە کوردەکان و موسڵمانەکان سەربکەوێ بەسەر (خاچ پارێزەکان)و شارەکانی فەلەستین یەک لەدوای یەک رزگار بکات کە گرنگترینیان (قودس) بوو.دوای مردنی سەلاحەدین ئەم دەوڵەتە لە لایەن براو برازاکانییەوە بەڕێوەدەچوو، تاساڵی (١٢٥٠)ز بەدەستی (مەمالیکەکان)رووخا.

راهێنان:

١.ناوی هەندێ لەو نەتەوە موسڵمانانە بژمێرە کە لەسەردەمی عەباسی رۆڵیان هەبووە.
٢.سەلاحەدینی ئەیوبی کێ بوو؟خزمەتی چی بە دەوڵەتی ئیسلامی کرد؟.
٣.لە سەردەمی عەباسییەکان گرنگی زۆریان بە ئاوەدانکردنەوەدەدا.ئەم رستەیە لێکبدەرەوە.
٤. دەوڵەتی عەباسی بەدەستی کێ رووخا؟.

بەشی پێنجەم
میرنشینە کوردەکان

گەلی کورد وەک گەلانی تری جیهان رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەسەردەمی عەباسیدا، تەنانەت هەندێک لە کوردەکان هەوڵیاندا خاوەنی حکومەتی خۆیان بن.لە ئەنجامدا چەندین میرنشین و حکومەت و دەوڵەت لەسەر خاکی کوردستان دامەزران کە هەر یەکەیان حوکمرانی ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستانیان دەکرد. گرنگترینیان:-

١- میرنشینی حەسنەوەیهی:-

وێنەی شاری هەمەدان
کەلەلایەن میرنشینی حەسنەوەیهی حوکمرانی کراوە

میرنشینی حەسنەوەیهی یەکێکە لەو میرنشینە کوردییانەی لە سەردەمی عەباسییەکاندا دامەزرا، حوکمرانی ناوچەی شارەزووری ئێستای سەر بە پارێزگای **سلێمانیان دەکرد لەگەڵ چەند شارێکی** کوردستانی رۆژهەڵات(ئێران) بەتایبەتی شارەکانی (دینەوەر، کرمانشان، هەمەدان و نەهاوەند.ئەم میرنشینە لەسەردەمی (میر حوسێن)دامەزراوە کەسەرۆکی هۆزێک بووە بەناوی (بەرزیکانی)و دوای ئەویش میر (حەسنەوەی)کە کوڕی میرحوسێن بووە حوکمرانی کردووە و دوای ئەویش (میر بەدر) دەسەڵاتی وەرگرتووە، ئەم میرە پارەی تایبەت بە خۆی لێداوە و هەروەها چەندین کاری تری ئەنجامداوە و وەک (دروستکردنی رێگاو بان و پرد و مزگەوت و بایەخدان بە بازرگانی)، میر بەدر لە ساڵی ١٠١٤زایینی کۆچی دوای کردووە و کوڕەکەی (هیلال)دەسەڵاتی گرتووەتە دەست تا کۆتای هاتنی ئەم میرنشینە لەساڵی ١٠١٥زایینی.

وێنەی پارەی میر بەدر

٢.دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەروانی

دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەروانی یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو دەوڵەتە کوردییانەی سەردەمی عەباسییەکان دامەزرێنەری (میر بادی کوڕی دۆستەک)بووە. ئەم میرنشینە بۆ

ماوەی زیاتر لە سەد ساڵ حوکمڕانی بەشێکی زۆری کوردستانی کردووە. ئەم دەوڵەتە سەرەتا لە ناوچەی ئامەد(دیاربەکر)لە کوردستانی باکور دەرکەوت، پاشان سنورەکەی فراوان بوو، زۆر ناوچەی تری باکوری کوردستانی گرتەوە، سنوری گەیشتۆتە هەرێمی جزیرەی سەر بە (سوریای ئیستا)و شاری موسڵ لە باشووری کوردستان. زۆر شاری گرنگیان لە ژێر دەستدابووە وەک (ئامەد، میافارقین، ماردین، ئورفە، سەعرەد، بەدلیس و جزیرێ بۆتان و چەندان شاری تر). دوای (میر باد کوڕی دۆستەک) میر (ئەبوعەلی کوڕی مەڕوان) دەسەڵاتی گرتە دەست لە دوای ئەویش براکەی کەناوی (سەعید)بوو دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی بەڕێوە دەبرد، لە دوای ئەویش چەندان میری تر کاروباری دەوڵەتیان بردووە بەڕێوە.

وێنەی پردێک لەسەردەمی میر بەدر دروستکراوە

لە میرە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی دۆستەکی (میر ئەحمەد کوڕی مەڕوان)بووە، خەلیفەی عەباسی نازناوی (نصرالدولە)ی پێبەخشیوە، میر ئەحمەد لەساڵی (١٠٦١زایینی) کۆچی دوای کردووە، دەوڵەتەکەشیان بە دەستی سەلجوقە تورکەکان لەساڵی (١٠٩٦ زایینی) رووخاوە.



شوێنەواری کۆنی دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی

کارەکانی دەوڵەتی دۆستەکی (مەڕوانی):-

لە سەردەمی دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەروانی زۆر بایەخ دراوە بەکاری ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی رێگا و و بان و پردو مزگەوت و شوورە بۆ پاراستنی شارەکان لە هێرشی دەرەکی. جگە لە لێدانی سکەی تایبەت بەدەوڵەتی دۆستەکی، میرەکان ناوی خۆیان لە سەردەنوسی، خەلکەکشی بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریک بوون. دەوڵەتی دۆستەکی خاوەنی دروشمی تایبەت بەخۆیان بووینە، کە وینەی شێرێکە.

وێنەی دروشمی دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەروانی

راهێنان:

١.کێ؟ میر نشینی حەسنەوەیهی دامەزراند.

٢.سنوری دەسەڵاتی میر نشینی حەسنەوەیهی تاکوێی دەگرتەوە ؟.

٣.گرنگترین کارەکانی میر بەدر چیبوو ؟.

٤.ئەم وشانەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە هەڵەن، راستیان بکەرەوە:.

ا.دەوڵەتی دۆستکی ـ مەروانی سەرەتا لە دهۆک دامەزرا.

ب.دامەزرێنەری دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەروانی ناوی ئەبو عەلی بوو.

ج.دەوڵەتی دۆستەکی لەسەردەمی ئومەوییەکان دامەزرا.

٥.وەڵامی راست هەڵبژێرە:.

أ.دوای میرباد میر (ئەبو عەلی، سەعید، ئەحمەد)دەسەڵاتی گرتە دەست.

ب.(نصرالدولە) نازناوی میر(باد، ئەحمەد، سەعید)بوو.

ج.میر ئەحمەد کەسێکی (ئاشتیخواز، شەڕخواز)بوو.

لایەکی شوورای ئامەد کە مەروانییەکان بەشداربوون لە دروستکردنی

هاونیشتمانی بوون

نیشتمان

نیشتمان زەوییەکی (شوێنێکی)سنوورداره، خۆمان ودایک و باوک وکەس و کارمان تێیدا لە دایکبووین ولەسەری دەژین. هەریەک لە ئێمە لە خێزانێک و لە ناو ماڵێکدا دەژیت، بە کۆمەڵە ماڵێک گەڕەکێک یاگوندێک پێکدێت.لە چەند گەڕەکیک شارێک یا شارۆچکەیەک پیکدیت، گوندو شاریش پارچە زەوییەکی سنوردار ودیاریکراوی خۆیان هەیە کە هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە لەسەری دەژین.نیشتمانیش بەناوی گەلەکەیەوە دەناسرێت و ناودەبرێت، وەکو (کوردستان).

کەواتە ئەو شوێنەی کە خۆمان و دایک و باوک و کەس و کارمان تێیدا لەدایکبووین و لەسەری دەژین و پەروەردەکراوین پێی دەوترێت (نیشتمان).

گەلی کوردیش وەکو گەلانی تری جیهان نیشتمانی خۆی هەیە لەسەری ژیاوەو دەژیت، لەکاتێکدا سوودی لە خاک و سامانەکەی وەرگرتووە و خۆشی و ناخۆشی ژیانی لێچەشتووە، لە هەمان کاتیشدا قوربانی بۆ داوە وخزمەتی زۆریشی کردووە، مێژوو لە لاپەڕەکانی خۆی چەندین داستان و نەبەردی بۆ تۆمارکردووە، کە چۆن رۆڵەکانی خوێن و فرمێسک و ئارەقەی تێکەڵاو کردووە بۆ پاراستنی ئەم خاکە خۆشەویستە. نیشتمان بەها و جوانی و خۆشەویستییەکەی بێ وێنەیە، بۆیە هەردەم لەسەر زارو لەبەر دڵانە، کەم کەسیش هەیە خۆشەویستی وڵاتەکەی لەناو دڵدا نەبێت، هەر ئەو هەست و خۆشەویستیەیە پێی دەوترێت (هاونیشتمانیبوون).



پارکی ئازادی-سلێمانی

هاونیشتمانیبوون:-

بریتییە لەهەستکردن بەلێپرسینەوە بەو ئەرک و مافانەی کە هاووڵاتی هەیەتی بەرامبەر بە گەل و نیشتمانەکەی، یەکێک لە ئەرکەکانی بریتییە لە بەرپرسیاریەتیی لە ئەستۆ گرتنی بۆ پاراستنی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەموو کەسیک سوودیان لێدەبینێت، چ ئەوانەی میری دروستی کردوون، یا ئەوانەی سەرمایەدارەکان بنیاتی دەنێن وەک:-

١.ئاوی پاکی خواردنەوە.

٢.رێگاکانی هاتووچۆ.

٣.ئاوەڕۆکان.

٤.کارەبا.
٥.ناوەندەکانی خوێندن و تەندروستی.
٦.باخچە گشتییەکان.
٧.دامودەزگا میرییەکان(حکومییەکان) بۆ راپەڕاندنی کاروباری هاوولاتیان.وەک (دادگا، بنکەی پۆلیس، شارەوانی....تد)

ڕاهێنان:

١.ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە:
أ.نیشتمان زەوییەکی.............خۆمان و کەس و کارمان تێیدا لە............بووین.
ب.کوردستان بەناوی گەلەکەیەتی کە............... ە.
ج.هاونیشتمانیبوون بریتییە...........بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەگەل و نیشتمان.
٢.ناوی ئەو خزمەتگوزارییە گرنگانە بژمێرە کە رۆژانە سوودیان لێدەبینیت.

١.ئاوی پاکی خواردنەوە:-

چۆن بوونەوەرەکان ناتوانن بەبێ هەوا و خۆراک بژین، بەبێ ئاویش ناتوانن بژین، کەواتە (ئاو) بنچینەیەکە لەبنچینە گرنگەکانی بەردەوامبوونی ژیان.ئێمەی مرۆڤیش وەکو بوونەوەرێکی سەر ئەم خاکە ناتوانین بەبێ ئاو بژین.

سوودەکانی ئاو:- ئاو تەنها بۆ خواردنەوە بەکارنایەت، بەڵکو بۆ پاک و خاوین راگرتن، چێشت لێنان، کشتوکاڵ و پیشەسازی، کارگەکان و بۆ ئاودانی باخچە گشتییەکان بەکاردێت...تد.

سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە:-

ئەو ئاوەی کە ئێستا تۆ لە شارو شارۆچکەو گوندەکان بەکاری دەهێنیت، لەچەند سەرچاوەیەکەوە دەستمان دەکەوێت.

ئاوی شارەکان بەهۆی بیرو پرۆژەکانی راکێشانی ئاوەوە دابین دەکرێت. هەرچی ئاوی گوندەکانیشە زۆربەی لەرێگای بیر وکانی و سەرچاوەو چەم و روبارەکانەوە دەگاتە دەست.

ئەم سامانە نیشتمانییە گرنگە کە یەکێکە لە پێویستیە هەرە گرنگەکانی ژیانمان و

سەرمایەکی ئێجگار زۆری بۆ تەرخانکراوە، بۆئەوەی هاونیشتمانییان سوودی لێوەرگرن.

بۆنمونە لەشاری (هەولێر)بێجگە لەوبیرە ئیرتوازیانە کەلەناو جەرگەی شاردا لێدراون و پشت بەئاوی ژێرزەوی دەبەستن، پرۆژەی ئاوی (ئیفراز)کەلە زێی گەورەوە بەبۆری بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر ئاوی پاک دەگەیەنێتە ناو شار، چارەسەری گرفتی کەم ئاوی شارەکەی کردووە.بۆشاری سلێمانیش پرۆژەیەکی مەزن جێبەجێکراوە ئاوی پاک لەدەریاچەی دوکانەوە بەهۆی لولەکێشەوە ئاو دەگەیەنێتە هاوولاتیانی شارەکەوە، بەشێوەیەک چارەسەری کێشەی کەم ئاوی لە سلێمانی کردووە، بۆ شاری دهۆکیش بەهەمان شێوە حکوومەت پرۆژەی گەیاندنی ئاوی(چەم بەرەکات و خەراب دێم کەلە بەنداوی موسڵ)ەوە بەهۆی لولەکێشەوە بۆ هاوولاتیانی شارەکە جێبەجێکردووە، کە توانیویە گرفتی کەم ئاوی لەشارەکە چارەسەربکات.

بۆ دێهاتەکانیش کەمتەرخەمی نەکراوە، زۆربەی گوندەکان لەسەردەمی رژێمی بەعس خاپوور کرابوون، لەدوای راپەرین سەرلەنوێ ئاوەدانکراونەتەوە و پرۆژەی ئاوی پاکیان بۆ دروستکراوە، چ بەهۆی لێدانی بیری ئیرتوازی یان لەرێگای پرۆژەی بچووک و تانکەری گەرۆکی ئاوەوە رۆژانە ئاویان پێدەگات، چونکە لە ئەنجامی وشکە ساڵییەوە لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی سەرچاوە ئاوییەکان بە کانی و چەمەکانەوە کەم ئاو بوونە یان وشکبوون.

سەرچاوە ئاساییەکانی ئاوی گوندەکان هەندێ جار بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە پیس دەبێت:.

١. بەکارهێنانی قڕکەرە کیمیاوییەکان بۆ لەناوبردنی مێرووڵەی سەر بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

٢. فڕێدانی پاشەڕۆ و لاشەی ئاژەڵی مردار.

٣. رژانی ئاوی پیسی ماڵان بۆ ناو سەرچاوەی ئاوی گوندەکان.

٤. بەکارهێنانی ئامان و دەبەو کەرەستەی پیس لە گواستنەوەی ئاو.

ئەمانە هۆکاری پیسبوونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی **دێهاتەکانن، بۆ پاراستنیشی لەپیسبوون پێویستە ئەم رێگایانە بگرینە بەر:ـ**

١. پارێزگاری کردنی چەم و کانیاوەکان لەپاشەڕۆی ئاژەڵ.
٢. دوورخستنەوەی ڕژانی ئاوی پیسی ماڵان بۆ ناو سەرچاوەکان.
٣. ئاوی خواردنەوە لە تانکی پاک و داخراودا هەڵبگیرێت.
٤. کوڵاندنی ئاوی خواردنەوە یان پاکردنەوەی (تعقیم) لە میکرۆب.
٥. ئەو کەرەستانەی کە بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردەهێنرێت پێویستە لەجێگای پاکدا دابنرێت، چونکە ئاوی پیس سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی زۆربەی نەخۆشییەکانە.

ڕاهێنان:

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:
١. ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی پیسبوونی ئاوی گوندەکان ؟
٢. چۆن ئاوی گوندەکان لە مەترسی پیسبوون دەپارێزیت ؟

بەفیڕۆنەدانی سامانی ئاو:-

بۆ ئەوەی ئەم سامانە گرنگە لەدەست نەدەین و سوودی باشتری لێببینین، پێویستە ڕێگا نەدەین ئاو بەفیڕۆ بڕوات، دەبێ خۆمان و ئەندامانی خێزانەکەمان ڕابهێنین و ئاگاداریان بکەینەوە کە ئەو سامانە موڵکی هەموومانە پاراستنی ئەرکی سەرشانی هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، وەکو لەپێشەوە ئاماژەی پێدراوە، ئاو سەرچاوەی ژیانەو خۆشگوزەرانی بۆ هەموو بونەوەرێک دەرەخسێنێ، کەواتە دەبێ چەند هەنگاوێک بۆ پاراستنی ئاو بگرینەبەر کە بریتین لە:-
١. نابێ ئاو لەپێویستی خۆمان زیاتر بەکاربهێنین.
٢. خوشک و برا بچوکەکانمان ڕابهێنین کەوا یاری بەئاوی ماڵەوە نەکەن، چونکە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات.
٣. دڵنیابوون لە گرتنەوەی شێرەی(بەلوعە) ئاوەکە لەدوای دەم وچاو و ددان شوشتن، هەروەها هەرکارێکی تر.

٤. سۆندە و ترومپای ئاو بەکارمەهێنە بۆناومالّ و ئۆتۆمبیل شوشتن.

٥. سەوزەو میوە لە دەفرێکی کراوەدا بشۆ، مەیخەرە ژێر شێرەی ئاوەکە.

٦. لەهەر شوێنێک چاومان بەبۆریەکی شکاو کەوت پێویستە راستەوخۆ ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکەینەوە بۆچاکردنەوەی، تاوەکو:-

أ.ئاو بگاتە هەموو لایەک بەیەکسانی.

ب. لەوانەیە ئاوی پیس لەگەلّ ئاوی خواردنەوە تێکەلاّو ببێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی جۆراو جۆر.

٧- نابێت بێ پرسی فەرمانگەکانی ئاو بۆ مالّەکان رابکێشرێت، چونکە دەرەنجامی نادروستی لێدەبێتەوە، وەک لەپێشتر باسکرا.

زانیاری :-

ئاو سامانێکی نیشتیمانی زۆر گرینگە، ئەمڕۆ بۆتە سەرچاوەی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان ولاّتان. وەک کێشەی نێوان (عێراق-ئێران)(عێراق-تورکیا)(عێراق-سوریا).

راهێنان:

پ١:نیشانەی (√)بۆ راستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

أ.هەموو هەفتەیەک ئۆتۆمبێلەکەمان بەئاوی مالّەوە دەشۆم.

ب.ئەگەر بینیم بۆری ئاوی کۆلاّنەکەمان شکاوە، یەکسەر ئاگاداری فەرمانگەی ئاو دەکەمەوە.

ج.هاوینان لە ئاوی کانی گوندەکەمان مەلە دەکەم.

د.پاشەڕۆی ئاژەلّ وزبلّ وخاشاک دەخەمە ئاوی چەمی گوندەکەمان.

هـ.بۆ پاک کردنەوەی، سەوزەو میوە ناخەمە بەر ئاوی بۆری مالّەوە.

پ٢.چۆن پارێزگاری لە سامانی ئاوی پاک دەکەیت ؟

٢.شەقام (ڕێگای هاتووچۆ):-



یەکێک لەدیاردە هەرەجوان و پڕسوودەکانی شارستانییەت (ڕێگاکانی هاتووچۆیە)، ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بەندە بەبوونی ڕێگاکانی هاتووچۆ، چونکە ئەم خزمەتگوزارییە ئەرکو ماندوبوون کەم دەکاتەوە، ڕێگای دوور و ناخۆش نزیک دەکاتەوە. کاتێ سەیری شارەکانی وڵاتەکەمان دەکەین، دەبینین شەقامی فراوان و گەورە بەناو شارەکاندا تێدەپەڕێت و ناوەوەی شەقامەکانیش بەباخچەی سەوزو دڵڕفێن ڕازاوەتەوە، هەست بەئارامی و خۆشی دەکەیت.

شەقامەکان لەقوڕو ئاوی پیس و کۆسپە ـ تاسە دەمانپارێزێت بەئاسانی دەگەینە جێگای مەبەست.

ئەو شوێنانەی بێ شەقامن یا وەکو پێویست نییە (چاڵ وگۆماوی لەسەرە یان کۆن و تەسکن)هاتووچۆیان تێدا ئاسایی نییە.

شەقامەکان سوودیان زۆرە بێجگە لە خێراکردنی گواستنەوە و دوورکەوتنەوە لە مەترسی گیانی و مادی کە لە شەقامە نارێکەکان دێتە ڕێگامان، نرخی کەلوپەلیش دادەبەزێنێت و بارگرانی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان کەمدەکاتەوە، بۆیە پێویستە بیانپارێزین.

ئەو هەوڵانە چین بۆپارێزگاری کردنی شەقامەکان دەدرێن:-

١.نابێ شەقامەکان بەبێ پرسی شارەوانی بۆ هەر مەبەستێک بێت هەڵکەنین، چ بۆ ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە بێت یا بۆ ئاوی پیسی ماڵەوە، تاوەکو لەدوای تەواوکردنی کارەکە بەزووترین کات چاکبکرێتەوە.

٢.ئاوی پیسی ماڵان نابێت بڕژێنە سەر شەقامەکان، چونکە دواتر کاریگەری دەردەکەوێت و تووشی چاڵیان دەکات.

٣.کەلوپەلی زیادەی خانوو دروستکردن فڕێنەدرێتە سەرشەقامەکان، چونکە دەبێتە هۆی ڕێگا گرتن و بێزارکردنی هاووڵاتیان و ناشیرین کردنی سروشتی شارەکان وتێکدانی شەقامەکان.

بۆ هاتووچۆی ئاسایی هاووڵاتیان هەردەم میری هەوڵدەدات خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان مسۆگەربکات و بەئاسانی ڕۆژانە بگەنە سەرکارەکانیان، بێجگە لەدروستکردنی شەقام و شۆستە و تونێل و بەرزە پرد ، کەسانێکی لەخۆبردووی لەسەر شەقام و چوارڕیانەکان داناوە تاوەکو هاووڵاتیان لە کارەساتی هاتووچۆ بپارێزن، ئەو کەسانە (پۆلیسی هاتووچۆن)فریشتەن بۆپاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان، شەو و ڕۆژ لە خزمەتدان.ئێمەش دەبێ ڕێزیان لێبگرین و گوێڕایەڵیان بین، سەرپێچی ڕێنماییەکانیان نەکەین، تاوەکو لەگیانی خۆمان و هەمووڵایەک دڵنیابین.

زانیاری:-

بۆ ئەوەی باخ و ناوەوەی شەقامەکان هەردەم ڕازاوە بێت، دەست بۆ گوڵ نابەین و لقی دارو درەخت ناشکێنین.

زانیاری:-

-بۆ پەیڕەوکردنی ڕێکخستنی هاتووچۆ ئامێرێک لەچوار ڕیانەکان دانراوە، پێی دەوترێت (ترافیک لایت)، کە گڵۆپە سوورەکەی داگیرسا ، نیشانەیە بۆ وەستان، سەوزەکەشی نیشانەیە بۆ تێپەڕبوون، لە زەردەکەشی دەبێ هەڵوەستە بکەین (بۆ ئاگادار کردنەوەیە).

-لەکاتی پەڕینەوە لە شەقامەکان گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتووچۆ دەبم، بۆئەوەی گیانم لە مەترسی بپارێزم.

٣- ئاوەڕۆ (زێراب):-

خزمەتگوزارییەکی تر کە هاونیشتمانیان سوودی لێدەبینن و ژینگەش بەپاک و خاوێنی ڕادەگرێت ئاوی پیسی ماڵان و دەزگاکان ڕێکدەخات و ڕێگا نادات لە ناو کۆڵان و شەقامەکان بڵاو ببێتەوە.

ژینگەی پاک پەیوەندی بەڕادەی هوشیاری و تەندروستی و هەستی هاونیشتمانی بوون هەیە.

هەستکردن بە پارێزگاریکردنی موڵکی گشتی نیشانەی دڵسۆزی و پەرەسەندنی هەستی

نیشتمان پەروەریيە، مرۆڤی هوشیار و شارستانی شەرم دەکات کاتێ ببینێت کۆڵان وشەقامەکانیان پیسە، ئازاری پێوە دەبینیت، چونکە ئاستی دواکەوتووی ئەوی لێ دەردەکەوێت.

بۆ پاراستنی ئاوەڕۆییەکان پێویستە ئەم کارانە بکەین تاوەکو شارەکەمان هەردەم پاک و خاوێن بێت:.

زبڵ وخاشاک لە دەبە و قوتووی بەتاڵی ساردی و نایلۆن و کاغەز فڕێ نەدەیتە سەر شەقام و ناو ئاوەڕۆکان، چونکە لەئەنجامدا کۆدەبێتەوەو دەبێتە هۆی گیرانی ئاوەڕۆکان، بەتایبەتی لەکاتی باران بارینداا، شەقام و کۆڵانەکان تووشی ئاو هەستان و لافاو دەکات و زیانی زۆر بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت.

ئەو دیاردەیە ساڵانە لە وەرزی زستاندا هاووڵاتیان توشی زەرەرو زیانێکی مادی و گیانی زۆر دەکات.

پاک راگرتنی شارەکەمان تەنها ئەرکی شارەوانی نییە، بەڵکو لەسەر هەمووڵایەک پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی دەزگاکانی شارەوانی بکەین و هەرکەسێ لە لایەن خۆیەوە رێنماییەکانی شارەوانی و مەرجەکانی پاک و خاوێنی جێبەجێبکات، بگرە هانی ئەوکەسانەش بدرێت کە پەیوەست نابن بە رێنماییەکان، تاوەکو هاووڵاتیانی تریش چاومان لێبکەن.

٤.کارەبـــــــا:ـ

مرۆڤ دەیان ساڵە ئامێرەکانی کارەبای ناسیوە.کارەبا لەسەرەتای داهێنانیدا تەنها بۆ پێویستی رووناک کردنەوە بەکار هاتووە، لەسەدەی بیستەمدا گەشەی زۆری پێدرا و لەچرا (گلۆپ)ەوە داهێنان دوای داهێنان کۆمەڵێک ئامێری تازە خرایە بواری ئیشکردنەوە، تاوەکو ئەمڕۆش داهێنانی ئامێرە جیاجیاکان بەردەوامە بۆدابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەکی مرۆڤ.

کارەبا یەکێکە لە پێویستییە هەرەگرنگەکانی مرۆڤ، ئەستەمە ئەمرۆ بتوانێ بەبێ ئەم خزمەتگوزارییە ژیانێکی ئاسوودە ببرێتەسەر، چونکە ئەمرۆ هەر بۆ رووناک کردنەوە کارەبا بەکار نایەت، بەڵکو جۆرەها ئامێری نوێی هاتۆتەکایەوە وەکو (ئاوگەرمکەرەوەـ گیزەر، تەباخی کارەبای، سۆپا ـ هیتەر، ئامێری شۆرین و وشککردنەوەی جل، ساردکەرەوە، سەهۆڵگر، خۆراک بەستە(مجمدة) و سپلیت و ئوتوو...تد.

لە ئەنجامی ئەو داهێنە مەزنانە کە لە بواری کارەبا بەدەستهاتووە، بازاڕەکان پڕبوون لە ئامێری کارەبای جۆراو جۆر، هاووڵاتیان دەتوانن بەئاسانی بەدەستی بهێنن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی باری گوزەرانیان باشە.

زانیاری:ـ

وزەی کارەبا لەچەند سەرچاوەیەکەوە بەرهەم دەهێنرێت، وەک:.

أ.کارۆئاوی:ـ کە لە ڕێگای ئاوەوە بەرهەم دەهێنرێت.

ب.کارۆگەرمی(گەرمە کارەبا):ـ بەهۆی بەکارهێنانی سوتەمەنی وەکو (نەوت و بەروبوومەکانی)و سەرچاوەکانی تری وزە (خۆر، ئەتۆم...تد.)بەرهەم دەهێنرێت.

زیادبوونی داواکاری لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی کارەبا، ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر دەزگاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە پێویستی بە بەرهەمهێنانی بڕی وزەی کارەبا زۆرتر دەبێت. ئەم بەرهەمهێنانەش پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆرو دەستی کرێکاری شارەزا هەیە.

بەنداو بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا

لەوەرزەکانی هاوین و زستاندا هاوولاتیان ئامێرەکانی فێنک کردنەوەو گەرمکردنەوە بەشێوەیەکی نائاسایی بەکار دەهێنن، کە کاردەکاتە سەر ڕێژەی

بەرهەمهێنان، لەوانەیە هەندێ جار لە توانای دەزگای بەرهەمهێنان نەبێت ئەم زیادەڕۆییە چارە بکات.ناچار کار بۆ کەمکردنەوەی ماوەی پێدانی وزەی کارەبا دەکات، ئەمەشیان کار دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەی هاونیشتمانیان.

بۆ ئەوەی بڕی بەکاربردنی وزەی کارەبا کەمبکرێتەوە، پێویستە هەندێ هەنگاو بنرێت بۆئەوەی پارێزگاری لەم سامانە نیشتمانییە بکرێت:.

١.کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی کارەبا، لە بواری پیشەسازی، بازرگانی، ماڵەوە ودامو دەزگاگشتییەکان...تد.

٢.وشیارکردنەوەی هاوولاتیان، چ لە قوتابخانە و خوێندنگاکان، چ لە شوێنەگشتییەکان وەک مزگەوت و بازارەکان....تد. بۆ ئەوەی دەست بە بەکارهێنانی بڕی وزەی کارەباوە بگیرێت و بە پێی پێویست بەکار بهێنرێت.

٣.داخستنی دەرگا و پەنجەرەکان بەشێوەیەکی رێک و بەردەوام نەخرێنە سەرپشت، چونکە دەرگا کردنەوەی بەردەوام پێویستی بە وزەی زۆرتر دەبێت.

٤.چاودێری کردنی بەردەوامی ئامێرەکانی کارەبا لەچۆنییەتی کارکردنی دا.

٥.بەکارنەهێنانی ئامێری کارەبای هەمەجۆر لەیەک کاتدا، باشتر وایە تەنها ئامێری پێویست لەشوێنی پێویست بەکاربهێنرێت.

٦.دڵنیابوون لە کوژاندنەوەی سەرجەم ئامێرە کارەباییەکان لە دامودەزگاکان لە دوای کۆتایهاتنی دەوامی فەرمی رۆژانە.

زانیاری:-

-بەکارهێنانی ئامێرەکان لەکاتی پێویستدا تەنها وزەی بەکارهێنراو کەمناکاتەوە، بەڵکو تەمەنی ئامێرەکانیش درێژ دەکات.

-کوژاندنەوەی گڵۆپێک لە هەرماڵێک، کاریگەری لەسەر زیادکردنی ماوەی پێدانی بڕی کارەبا دەبێت.

-کەمکردنەوەی گڵۆپێکی ماڵەکەت، رووناک کردنەوەی ماڵێکی ترە.

راهێنان:

:نیشانەی (√)بۆ ڕاستەکان و نیشانەی (x) بۆ چەوتەکان دابنێ.

١.بۆ ئەوەی وزەی کارەبای زۆر بەکار نەهێنین، ئاگاداری ماڵەوەمان دەکەمەوە کە ئامێر و گڵۆپی زیادە دانەگیرسێنن.

٢.لەکاتی یاریکردندا لەگەڵ هاوڕێکانم سەری زێرابەکان لانادەم.

٣.پاشماوە و کەلوپەلی خانو دروستکردن دەخەینە سەر شەقامەکان.

٤. زبڵ و خاشاک ناخەمە ناو ئاوەڕۆکان.

٥.دامودەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان:.

لە نێوان ئەو دامو دەزگا خزمەتگوزاریانە کە (قوتابخانە، خوێندنگا، نەخۆشخانە، دەزگاو دامەزراوەکانی میری و باخچە گشتییەکان....تد)، دەگرێتەوە، هەریەکە بۆمەبەستێکی تایبەت ئامادەکراوە، بۆ ئەوەی خزمەت بە هاووڵاتیان بکات و ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەران بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە مسۆگەربکات.

بۆیە لەسەر هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە پێویستە بایەخی ئەو دەسکەوتانە بەرز رابگرێت و پارێزگاریان لێبکات، بەم شێوەی خوارەوە:.

١.کەلوپەلی ناو قوتابخانە، نەخۆشخانە، باخچە گشتییەکان و سەرجەم دامودەزگاکان بپارێزین، دار و دیوارەکانیان و شەقامەکان پاک رابگرین.

٢.لە کاتی سەردانی باخچە گشتییەکان پێویستە پارێزگاری لە پاک و خاوێنییان بکەین و دار و درەخت و گوڵەکان دەستکاری نەکەین، چونکە مانەوەیان سوودی زۆرترە، ژینگەش خۆش و جوانتر دەکات، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر سوودی بۆ تەندروستی و لایەنی دەروونیشی دەبێت.

٣.رەچاوی رێنماییەکانی دامو دەزگا خزمەتگوزاریەکان پێویستە، بۆ ئەوەی کاری رۆژانەی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەرێوەبچێت.

٤.دامو دەزگا گشتییەکان بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار نەهێنرێت، کەببێتە هۆی بێزارکردنی دانیشتوان و زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی.

راهێنان:

١.ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە:
أ.دامو دەزگا گشتییەکان بریتین لە..........و.........، ....و.....تد.
ب.پێویستە پارێزگاری لە.........و...........و.......... قوتابخانەکەمان بکەین.
٢.لەکاتی سەردانمان بۆ هەر دامودەزگایەکی گشتی پێویستە رەچاوی رێنماییەکانیان بکەین، تۆش بەکورتی لەسەر ئەم دەستەواژەیە بدوێ.

زانیاری:-

نەخۆشخانەکان، دەزگایەکی گرنگی کۆمەڵگەیە، هاونیشتمانیان لە هەر جۆرە نەخۆشییەک چارەسەردەکات، بۆیە پارێزگاری کردنی ئەرکی سەرشانمانە.

چالاکی:-

کاتێ بەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکەت دا هاتووچۆ دەکەیت، پارچە کاغەزی فڕێدراو هەڵگرەوە، بیخەرە ناو شوێنی کۆکردنەوەی خۆڵ وخاشاک.بەم کارەت ئەرکێکی نیشتمانیت رادەپەڕێنیت.

ئەگەر تەقەمەنیت بینی چی دەكەیت؟

١. بە هیچ شێوەیەك لێی نزیك مەبەوە .

٢ .هیچ شتێكی تێ مەگرە وەك(بەرد،دار،...).

٣. كەسانی گەورە (باوك – برا – ئەنجوومەن – مامۆستا) ئاگادار بكەوە سەبارەت بە بوونی ئەو مەترسییە.

چی دەكەیت ئەگەر كەسێكت بینی دەستكاری مین یان تەقەمەنی دەكات؟

١- ئەگەر كەسێكت بینی دەستكاری شتێكی نامۆ دەكات، پێی بڵێ: بوەستە لەوانەیە بتەقێتەوە.

٢- ئەگەر بە قسەی نەكردیت و لەسەر كارەكەی بەردەوام بوو ، پێویستە ڕابكەیت، بۆ ئەوەی دوور بكەویتەوە وخۆت نەخەیتە مەترسییەوە .

٣- كەسێكی گەورە (باوك – برا – مامۆستا – ئەنجوومەن) ئاگادار بكەوە بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست.

پێرست

لاپەرە	بابەت
	جوگرافیا:
٥-١١	بەشی یەکەم/جوگرافیای سروشتی هەرێمی کوردستان
١٢-١٦	بەشی دووەم/رووی زەوی هەرێمی کوردستان
١٧-٢٠	بەشی سێیەم/ئاوو هەوا
٢١-٢٢	بەشی چوارەم/رووەکی خۆڕسک
٢٣-٢٥	بەشی پێنجەم/سەرچاوەکانی ئاو
٢٦-٤٠	بەشی شەشەم/جوگرافیای مرۆیی
٤١-٤٣	بەشی حەوتەم/گەشت و گوزار
	مێژوو:
٤٨-٥٢	بەشی یەکەم/مێژووی کوردستانی دێرین
٥٣-٥٥	بەشی دووەم/نەتەوە دێرینەکانی کوردستان
٥٦-٥٩	بەشی سێیەم/عێراق لە چاخە کۆنەکان
٦٠-٧٢	بەشی چوارەم/مێژووی ئیسلام
٧٣-٧٥	بەشی پێنجەم/میرنشینە کوردەکان
٧٧-٩١	**هاونیشتیمانی بوون:**